# لەهویردان نەچد تاوانبارەیل وەیرەو رەتبین!



سەلام عەبدوڵا ئیبراهیم

پەخشی ماڵپەڕی هەڵەبجە

# حزبی بەعسی فاشی، لەباری ئیدۆلوجی ودەسەلات، پەیوەندیکانی، حزبی جەنگ و تیرۆرە

مێژووی پەیوەندی فاشیکانی ئەلمانیا لەگەل پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست ،نەبەسراوەتەوە بە ماوەی دەسەلاتگرتنەدەستی فاشیکان لەسالی ١٩٦٣یا ١٩٦٨، بەلکو دەگەرێتەوە بۆ سەردەمێکی کۆنتر، واتە بۆ کۆتایەکانی سالی سییەکان. لەم کاتەدا سەرکردەکانی بەعس کەوتنە ژێر کارتێکردنی ئیدولوجی فاشزمی ئەلمانی: ناسیونالیزم، رەگەزپەرەست، دژایەتی کۆمونیزم و دیموکراتیەت، گیانی تۆلەسەندن، ملیتاریست و شوفینیست هتد . . کەسانیك وەکو میشیل عەفلەق و سەلاح ئەلبیتار نازیەتیان بە دلەوە چووبو و هەر ئەو کاتە حەزیان کردبوو سەردانی ئەلمانیا بکەن .

لە کودەتایەکەی ١٩٤١ بەعسیکان رۆلی خۆیانیان تیدا گیرا .ئەو کاتە لە سوریا ناوی، بزافی زیندووبوونی عەرەب لە خۆنابوو و بزافی بەسەرکردەنەوەی ئێراق، یان پێکهێنا و خۆویستیان بۆ ئێراق نارد. ئاشکرایە کە کودەتای ناوبراو لەلایەن ئەلمانیای نازیەوە لەباری عەسکری و پروپاگەندەیی پشتگیری کرا .

هەر لە کاتی دامەزراندنیانەوە دژایەتیان بۆ فکر و بزووتنەوەی کومونیستی بەزەقی دیار و ئاشکرا کردووە . بۆ نموونە عەفلەق لە سالی ١٩٤٣، لەکۆبونەوەی دینی )یادی لە دایك

بوونـی موحەمـەد واتە لە ساڵی " سەربەخۆیی " سوریا وتوویەتی" : ئەو تاقمە شعوبیە کـە بـە چـەکی دەرەکـی پشـتگیری کـراون نامانترسـێنن، ئـەو تاقمـە کـە بـە قینـەی رەگەزپەرەستانەوە دژی عروبەت پاڵیان پێنراوە، چونکە ئێمە خوا و سروشت و مێژوومان لـە گەلدایە، ئەوانـە لـە ئێمە تێ ناگەن، لە ئێمە نامۆن، نامۆن لە راستگۆیی و قولآیی و پاڵەوانێتی، ئەوانە دروستکراون و سەرشۆرن. بەهەمان شێوە بیرۆی بەعسی عەرەبی ئەو بۆچـونەیانە دووپـات کـردووەتەوە و دەنووسـن" :بیرۆکەمان ساڵەهای ساڵە پاشەکەزی نەکردووە لە دژایەتی ئەوانە و بەئاگاهێنانی گەلی عەرەبی بە نووسراوە و کوبوونەوە دژ بە شـیوعیەت، وبەئـەرکی خۆی دەزانێت جارێکی تریش بانگەوازی عەرەبی سوریا بکات بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەم جۆرە داگیرکردنە نوێەی بن .. ووشەکەیان یەکبخەن بۆ لەناوبردنی ئـەم مەترسـیە، پـێش ئـەوەی درەنگی بەسـەریا بێـت، حزبی شیوعی پێبکرێت، روحی عەرەبی ژەهراوی دەکات وجەستەکەی، هەروا عەفلەق لە بەیاننامەی هەڵبژاردنیدا ـ وەکو هەڵبژێردراوێکی رومـە ئەرتدۆکسـەکان لـە سوریا ـ دەنووسێت کە خۆی بە " : نوێنەری روحی عەرەبیە لە دژی کومونیستی مەتریالیست ) " دادەنێت.

بۆچـونەکانی عەفلـەق لەسـەر بـنەمای فەلسـەفی کۆنەپەرەسـتانە بونیادنراوە ، بەخۆی دەڵێت : ئێمە بڕوامان بەوە هەیە کە روح لە هەموو شتێك بنەمایە . پاڵپێوەنەری روحی قوولێ تەنها بەسەر ماددە و ئامرازەکان زاڵ نیە ، بەڵکو لەهەمان کاتیش دا خولقینەریانە .

دژایەتیکردنی بەعس بۆ کۆمونیزم سنوور و بارودۆخی وڵاتە عەرەبێکانیش دەترازێنێ و چوارچـێوەیەکی جـیهانی بـە خـۆی دەدات ، عەفلـەق دەڵێـت " : رەخنەکرتـنمان لـە شـیوعییەت تـەنها لەبـەر ئـەوە نـیە کـە بـۆ ئـێمەی عـەرەب نگونجـاوە ، بـەڵکو ئەوەی تـرازاندوە بـۆ رووهەڵماڵین لەسەر نوقسانیەکی بنەڕەتی لەم تیئۆریە بۆ عەرەب و غەیرە عەرەب ) .

ئـەم زەمیـنە ئیدۆلۆجـیەی عەفلـەق، خـۆی لـە دەربڕیـنـێکی زەقـتر پێشـان ئـەدات " دژایەتیمان بۆ شیوعیەت دەبێ بەردەوام بێت ، قوڵتربکرێت و بسەپێت. و لەنووسینێکی تـریان هۆکـانی ئـەم بۆچـوونانەمانە پێدەڵـێن " : شـیوعێکان قەد بەفایان نابێت بۆ ئەم خاکە ، ئەوانە لە چالاکێکانیاندا پشتگیری لە بەرژەوەندی دەرەکێکان دەکەن .

لەگەل بەرزکردنی دروشمی ( ئەو دەستانە دەبڕین بۆ شیوعیەت درێژبکرێت ) چەتە فاشستەکان هەستان بە هەڵواسین و لەناوبردنی شیوعێکان و هێزە پێشکەوتوخوازەکان لە بەغداد و موسل . بەرابەرایەتی صەدام لە جادەی رەشید ساڵی ١٩٥٩ هەوڵی کوشتنی عەبدلکەریم قاسم . رۆژنامەی فەرەنسی ) لوموند ( قسەیەکی عەفلەقی بلاوکردەوە ، تیدا دەڵیت : لە هەر وڵاتێکی عەرەبی ، بەعس ببێتە حوکمران ، حزبە شیوعێکان قەدەغەدەکرێن و بەوپەڕی توندرەوی لە ناویان دەبەین . بەم شێوەیە بەیاننامەی ژمارە ١٣ لە ساڵە ١٩٦٣ بۆ قەلاچۆکردنی شیوعێکان ناوەرۆکی ئەم حزبە پێکدەهێنێت بۆ رزگارکردنی بەرژەوەندێکانی برجوازی عیراق و ئیمپریالیستەکان .

پاش ئەوەی بزووتنەوەی کرێکاری وپێشرەوە شۆرشگێرەکەی لە راپەرینە چەکدارەکەی ئەهوار هاتە گۆرەپانی خەبات، بزافی قۆتابیانی چەپرەو لە زانگۆکان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، کرێکارەکان دەستیان دایە چەکی مانگرتن ، لەکوردستان خەباتی چەکداری بزووتنەوەی نەتەوایەتی دژ بەسیاسەتی شوفێنیستی دەسەلأتدارەکان و باڵەکەی تری حزبی شیوعی دژی رژێمی عارف راوەستابوون . لە سەر ئاستی جیهانیش ململانی خەباتی چینایەتی و چەکدارانەی شیوعی وچپ دەستیان هەبوو . ئەم بارودۆخە تێکرا مەترسی پێکهێنا لەسەر رژێمی عارف و دەسەلأت لە عیراق ، لەم کاتەدا چەتە فاشستەکان ، پشت ئەستور بە باڵەکانیان لە نێو لەشکر و دەزگاکانی ئەمن و موخابەرات کەوتنە تیرۆر و تۆقاندنی ئەو بزووتنەوە جەماوەریە، خۆیانیان هێنایە پێشەوە وەکو ئەڵتەرناتیڤی سستێمێکی لاواز و بێتوانا، دەسەلاتی بەسەر شەقامی عێراق ناشکێت، بەم شێوەیە دووهەم کودەتای بەعسیە فاشستەکان جێبەجێکرا . جەنەرال ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە یەکەم خوتبەی لە رۆژی ١٩٨٦/٧/٢٢ ووتی .." : بەدرێژایی ساڵێك ئامۆژگاری و رێنوێنی کاربەدەستەکانمانکرد ، بۆ ئەوەی لەسەر رێگای راست برۆن و هەستن بەوەی کە دەبێ بکرێت ، بەلأم ئێمە هیچ سودێکمان لەم ئامۆژگاری و رێنوێنیانە وەرنەگرت ... ناچارکراین بارەکە بگۆرین وەکو گارانتێك ." .. وتیرۆر و رەشەکوژیان لە سەرتاپای ئێراق بەرپاکرد ..

# عێراق : قەڵای ئەلمانیا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست ! !

پاش دەسەڵاتگرتنەدەستی دیکتاتۆری فاشی لە ساڵی ١٩٦٨، ئابووری وڵاتەکەیان کردە گۆرەپانێك بۆ شەرکەتە مونوپولە جیهانێکان ولە پێشی پێشەوەیان بۆ ئیمپریالیزمی ئەلمانیای رۆژئاوا . بۆ روونکردنەوەی ئەم لایەنە ، پەنا دەبەمە بەر رێژەی پەیوەندیە ئابوورێکانی رژیم لە ساڵی ١٩٧٥ کە بەم جۆرەی خوارەوە بوو : ئەلمانیای رۆژئاوا ٢١,٨ %، ژاپون ١٧,٦ %، ئەمریکا ١٢,٣ %، بەریتانیا ٥,٦ %، فەرەنسا ٥,٦ %، یەکێتی سۆفێت ٢,٣ ٪ .

لە ساڵی ١٩٨١ رێکەوتنێکی خەیاڵی ) پێنج ملیارد مارکی ئەلمانی ( لەگەل شەرکەتە ئەلمانێکان کرد ، بۆ دامەزراندنی سستێمی ئەلکتریکی بەنداوی موسڵ و فرۆکەخانەی نوێی شاری بەسرە وکرینی ئۆتومبێل ومەکینەی جۆراوجۆر و مەوادی شیمی ، بەرهەمی پۆلایین و چەکی شیمی ) .

ئەم پەیوەندیە لەسەر جووتبونێکی ستراتیجی بنیاتنراوە، خزمەت بە یەکتری دەکەن، لە چوارچێوەی میتودولوجیەکی ناسیونال سوسیالیزم و سەرتاپای خەسلەتەکانی، دەچێتە خزمەتی سەرمایەی پوولی ئەلمانیاوە . لە تۆی ئەم رەهەندە ستراتیجیەوە ، رژێمی فاشست ، عیراقی کردووە بە قەڵایەکی ئەلمانیا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست.

## پەیوەندی موخابراتی نێوان ئەلمانیا ـ عیراق

لە ١٩٩٠/٩/٧ ئەنگیلیکا بیر و هیلمۆت لیبلت نوێنەرانی پارتی سەوز لە پەرلەمانی ئەلمانی، شکایەتنامەیەك دژی سەرۆکی موخابەراتی ئەلمانی، وەزیری دادپەروەری، وەزیری دەرەوەی ئێستا کلاوس کینکل )پارتی لیبرالەکان( بەرزدەکەنەوە، لەبەر بەشداربوونی لە تاوانی ناردنی جۆرەها چەك و تفاق و کەرەستەی وئامێر بۆ دروستکردنی چەکی شیمی بۆ عیراق ). شایانی باسە کە بەرێبەری پۆلیسی موینشن فیلی شمویتر دان بە بەشداربوونی کینکل دەنێت، هەروا بە بەشداربوونی سەرۆکی ) مکافحە الاجرام ( سەر بە وەزارەتی ناوەوە دکتۆر بوکە لەم تاوانە و دانپێنانی بە ناسینی پیاوی تیرۆری

صـەدامی عەبد ئەلمنعم جەبار ، لەکاتی سەردانێکی بەڕێوبەری ئەمنی عیراق فازل بەڕاك لە ساڵی ١٩٧٧ و ١٩٧٩ بۆ ئەلمانیا.

ئەوەی سرنج ڕاکێشبێت، عەبدئەلمنعم جەبارە ی پیاوی موخابەرات و بازرگانی چەك کە لـە سـاڵی ١٩٨٨ ، شـەش سـال و شـەش مـانگ حوکمـی زیـندان کرا، پێش تەواوکردنی سزاکەی بە چوار ساڵ ئازادکرا ، واتە لە ١٢ /ئۆگست ١٩٩٠.

لەکاتی جەنگی عیراقی ـ ئێرانی ساڵی ١٩٨١ ڕژێم ئارەزووی دەزگایەکی تایبەتی هەبوو بۆ پاراستنی صەدام ولەناوبردنی هەر دەنگێکی ئوپوزتسیون بە توندترین شێوە، بۆ ئەوەی دەسـت بەسـەر باری ناوخۆبگرێت. لێرەدا دوزگای موخابەرات و پۆلیسی" قەڵاچۆکردنی تـاوان" هەسـتان بـە ڕێکخسـتنی ڕێکەوتنـێك لەگـەل شـەرکەتی ) هـروبی ـ فێنتسـل لـە هامـبۆرگ (بـۆ ئـەوەی دەزگـای ) گـی ئـێس گـی ٩ (ئـەلمانی کـە بەباشـترین تیـپی مەشـقپێکراو دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی ئۆپێراتسیونی تایبەت لەبواری، لێدانی تیرۆریزم، لەسەر ئاستی جیهان ـ ئەم دەزگایە هەرەسیان بە ئۆپێراتسیونی مەقادیشۆیان هێنا ـ بۆ مەشقپێکردنی تیپی تایبەتی عیراق بە گوێرەی نموونەکەی خۆیان . بەم شێوەیە دوو لە پسپۆرەکانیان لودڤیك هێر ڤاگن ، شانبەشانی تۆماس شیڤەر وفینتسل ـ سەرپەرەشتی بە مەشقپێکردنی عیراقێکان . ئەمانە پێکەوە لەرۆژی ١٩٨٢/٥/١٠ سەفەریانکرد بۆ بەغدا )بەڵگەنامـەی ١٧ ( ـ بـۆ ئاگاداری سەعودیای عەرەبی لەهەمان کات داوایکرد لە هەمان دەزگـای ئـەلمانی تیـپێکی تایبـەتی سعودی دژ بە تیرۆر دامەزرێنن ـ . بەگوێرەی خاڵی پێنجی ڕێکەوتننـامەکە " دەبێ تیـپەکە بەچـەك و تفـاقی ئەلمانی پڕبکرێن بە نرخێکی سـەربار . نـرخی ڕێکەوتنـنامەکە گەیشـت بە دە ملیون مارکی ئەلمانی . شانبەشان ئەم کـارە، لـە ١٩٨٣ شـەرکەتی ) سـی دی سـی ـ سـەنترالەکەی لە شاری کۆلۆنە (هەستان بەمەشـقکردنی ئەفسـەرانی عیراقـی لەئینسـتیتوتی بـەرزی لەشـکری ئـەلمانی لەشـاری موینشن) بەڵگەنامەی ١٨ . ( لە ١٩٨٤ و ١٩٨٨ ئەلمانیا مەشقیکردووە بە ٢٥ فرۆکەوانی عیراقـی و لەلایـەنی کەمـەوە بـە ٤ ئەفسـەری لەشـکر ، بـیجگە لـە مەشـقکردنی و پشتگیریکردنی ئەفسەری پولیسی عیراق و دەیان ڕێکەوتننامەی تر کە حکومەتی ئەلمانی ئینفورماتسیونەکان بە نهێنی هێشتۆتەوە .

وەك دەبینین ، بەگوێرەی ئـەم زانیاری زۆرکەمانـەوە ، دەتوانـین بڵێین ، هەموو ئەو هـێزەی کە جەلادەکەی عیراق بەدەستیەوەتی و خۆیی پێهەڵئەکێشێت و یارمەتیداوە لە مانەوەی لە حوکم هەتا ئێستا ، لەلایەن دەزگای موخابەرات و ئەمنیەت و پیشەسازێکانی ئەلمانیاوە رێکخراوە ، بۆ نموونە:

ـ راکێتەکانی ئیمام حوسێن و عەباس و سەعەد وئەوانی تر

ـ بۆمبە شیمی ژەهراوێکانی و پیشەسازی ئەتۆمییە نیشتیمانێکەی

ـ شـارەزایی ئەفسەرە قارەمانەکانی پاسەوانانی کۆمار و دەزگاکانی موخابەرات وئەمن وپەلە تیرۆریستەکانی تر

ـ جێگای خۆحەشاردانەکەی صەدام

ـ فرۆکەخانە ئینترناسیونالەکەی صەدام

ـ برێك لە فرۆکەکانی

ـ دوربینی شەوانی لەشکرو فرۆکەوانەکانی

ـ ملیونان لە مینە چێنراوەکانی

ـ جلوبەرگە بایرەنێکەی

هـەر هـەمووی و شـتی تریشـی وبـەخودی صەدامیش لە سەریان نووسراوە : لە ئەلمانیا دروستکراوە .

بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێت، کە رژێمی عیراقی لە وڵاتانی ترەوە تفاقی پێویست نەکڕیووە بۆ دەزگا تیرۆریستەکانی، ئەوەی لەم نووسینە مەبەستمە : پێشاندانی ئەو پەیوەندی ودەور و کارتـێکردن و کەرەسـتانەی وا ئیمپریالیسـتی ئـەلمانی رۆڵـی سـتراتیجی و ئەساسـی لابەلاکـەری تێدابینـیوە لـە بینـای ئـابووری و سـەربازی هتد ...بۆ رژێمی عیراقی ) . بۆ روونکردنەوەیەکی زیاتر : ئەگەر ئەلمانیا گورگە بۆرەکە بێت و دوژمنی مرۆڤایەتی، ئەوا ئیمپریالـیزمی ئەمـریکی گورگـە سـپێکەیە و بەهـەمان ئەندازە خۆێناویە، هەمان شت بۆ دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکانی تر، مەبەستم ئیمپریالیستی بەریتانی و فەرەنسییە . ئەمانە هـەموو جارێك رێك نـین لـە نـێوان خۆیـان لـە بـاری بـەرژەوەندی و چاوچنۆکی داگیرکەرانەکانیان .

ئیمپریالـیزمی ئەمـریکی دەیەوێت بـە هـەموو ڕێگایـەك دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر عـیراق بسـەپێنێت ـ ئەمـە وا ناگەیەنێت کە صدام دژ بە ئیمپریالیەتە وەکو کاسترو یان حزبی شـیوعی ڕووسـی و ناسیونالیسـت و ئیسـلامیە عەرەبـە شونیسـتەکان حاڵیبووون، لەبەر ئـەوەی دەسـەڵات بەعسی فاشیست خزمەتکاری پیلان و بەرژەوەندێکانی ئیمپریالیستی ئەلمانیە . جێگەی داخە کە زۆر کەس هەن تەنانەت ئەوانەی ئەم واقیعە نابینن ـ بازاری عـیراق لەژێـر نفوزی ئەلمـانیا دەربکـات ولـە بـازارێکی ئەلمانـیەوە بـیکات بـە بازارێکی ئەمـریکی بـۆ خەرجکـردنی بەرهەمـە عەسـکەری و پیشەسـازێکانی . ئەمەیـە نـاوەرۆکی سووربوونی ئەمریکا و بەریتانیا لە سەپاندنی ئابلوقەکە دژی کرێکاران و زەحمەتکێشانی گەلانی ناو عیراق . بریاری ئابلوقەدان ئاراستەی صەدام و دەسەلات و دەزگا خوێناوێکەی نەکراوە، تەنانەت یەك زەرە ش کاری سەلبی بەسەریان نەکردووە . بەهەمان شێوەش بۆ ئەمریکا بەهیچ شێوەیەك گرنگ نیە ، دەسەلاَتی صەدام بڕۆخێ یان نەروخێ .

## پـەیوەندێکانی ڕژێم لەگەل حزب و بزووتنـەوە فاشستەکانی ئەلمانیا

هـەر لـە حـزبی کۆمارێکـان، پـارتی ناسیونال دیموکراتی ئەلمانیا و پارتی یەکێتی گەلی ئەلمانـیا هـەتا لیسـتە ئـەلمانی لە هامبۆرگ و ڕێکخراوی ئەڵتەرناتیڤی ئەلمانی لە شاری کوتبوس و ڕێکخراوی بلۆکی قەومی لە بایرن هەموویان وەکو شەرکەت و دەزگا سەربازی و تەکنەلۆجـێکانی ئەلمانـیا، لەشەری خەلیج، پۆزتسیونی پشتگیریکردنیان نواند لەگەل عیراق لەسەر ئاستی پروپاگەندەیی و سیاسی وهاوپشتی عەسکەری . بۆ نموونە گۆڤاری ئینفۆرماتسـیونەکانی ئەنـتی فاشیسـت ژمـارە ١٩/یـولی ١٩٩٢ بەڵگەنامەیەکیان بەزمانی ئەنگلـیزی بلاْوکـردەوە، ئـەم دوکومێنـتە لـە لایـەن یەکـێك لـە سەرانی فاشیستەکانەوە نووسراوە بە ناوی ب . ئیوالد ئەڵتهانز لە گەل ئەدرەس و ژمارەی فاکس و تەلەفۆنەکەی، تێدا نوسراوە کە ئەڵتهانز فیلیمێکی فیدیۆی هەیە دەربارەی ١٠٠ نازی و جاش ، ئەوانەی لە جەنگی عیراق و ناتۆ جلوبەرگی عیراقی لە کرواتیا دەجەنگین . ئەم فلیمە بۆ فرۆشتنە بە ٥٠٠٠ دۆلار . لەلایەکی ترەوە گۆڤاری شتێرن، وێنەی ڕابەرێگی بەنابانگی فاشستەکان، گۆربەگۆر ـ میشائیل کوینین ـ و لیپێن سەرۆکی حزبی) بەرەی ناسیونالیستی ( فاشی لە

فەرەنسا لە یەکێك لە جادەکانی بەغدای بلاوکردەوە، هەردووکیان لەلایەن سەدام پێشوازیان لێکرا. هەروا لە کتێبە مودەبرەکانی تۆرە برەکە ـ بۆ سەرلەنوێ دامەزراندنی پارتی ناسیونال سۆسیالیستی کرێکاری ئەلمانیا، لاپەرە ٦١ ( هەواڵی سەردانی سکرتێری حزبی کۆمارێکان، ئومیل شلی ـ لە ناوچەی شلیزڤیك ـ هۆلشتاین ـ و نوێنەری هەمان حزب لە پەرلەمانی ئۆروپی بۆ لای سەدامیان بلاوکردۆتەوە . رێکخراوی فاشست ( ئەکتسیون دژی سایۆنیزم )سەدامیان بە" تێکۆشەر لە پێناوی ئازادی عەرەب " لەقەڵەمدا. زعیمێکی نازێکان ناوبراو میشائیل کوینین " لە ژێرناوی ـ فەیلەقی ئازادی جیهانی ـ مەشقی سەربازی بە نازیە تیرۆرستەکان لە فرانکفورت شتات پێڵد دەکرد(بۆ وەستاند لە پاڵی عیراق " دژی جەنگی ئیمپریالیستی ئەمریکی . "

لەلایەکی ترەوە هەفتەنامەی رۆشنبیرە فاشیستەکان(یونگە فرایهایت) کوەیت بە " شلیزیەنی عیراق " ناوبرد ـ شلیزیەن ناوچەیەکی ئەلما نشینە لە باکوری پۆلندا ـ، بۆردمانی بەغداد بە بۆمباردنی شاری دریزدن بەراوردکرد ، دابەشبوونی ئەلمانیا بە دابەشبوونی وڵاتە عەرەبێکانێکان. مارکۆس بۆر، یەکێکە لەسەرنووسەرەکانی گۆڤاری فاشیستەکان (ئۆروپا فۆرغەن) بانگەوازی سەربازە ئەلمانەکانی کرد بۆ " بەشدارنەکردن لە جەنگ لە حاڵەتی فەرمانکردن بۆ بەشداریکردن، لەبری ئەوە ، دەبێت خزمەتی سەربازی رەتبکەنەوە و بۆ بەغدا برۆن. لەوێ " کۆمیتەی ئەلمانیای ئازاد " دامەزرێنن . دروشمی سەرەکی مارکۆس بۆر : ناسیونالیستەکانی جیهانی یەکگرن ) سەرچاوە : گۆڤاری کۆنکریت ، ژمارە ٣ لە ١٩٩١ ، لاپەرە ٢٢ـ٢٤ ـ

سەرچاوەی بەڵگەکان: قسەکانی میشیل عەفلەق لە کتێبەکەی بە ناوی( لە پێناوی بەعس) وەرمگرتووە.

# با شوێن پێی تاوانباران هەڵگرین!

هەڵەبجـە، بالیسان، شێخ وەسان،توتمە، قەرەداغ، دۆڵی خۆشناوەتی وچەندین شـوێنی تـر، هـێما بـۆ تـاوان دژی مـرۆڤایەتی دەکـەن. هـەر چـۆن قوربانیـیەکان نـاوو ئەدرەسـیان هەیە، تاوانبارەکانیش وەك تاقە کەس، حکومەت، یاساو سیستێم بەهەمان شـێوە. ئەمانـە تـا ئێسـتاش بـەئازادی بازرگانـێکەیان بە چەکی کۆمەڵکوژی کیمیاوی و بـیۆلۆگی، وەك جاری جاران بەرێوەوە دەبەن، وەك بلێی هیچ رووی نەداوەوکەسیش لە دژیـاندا پرۆتێسـتۆی نەکـردووە، وکەسـیش نیـیە رێگایـان لێ بگرێـت. لـە سـاڵیادی ئەم تاوانانـەدا، سـیمینار لـەدوای سـیمینار دەبەسـترێت، تـێدا باسـی کارتێکردنەکانی ژەرە بەکارهێنراوەکان دەکەن، هەڵەبجەی دایکمان ناوی"پرۆژەی هەڵەبجە" لێدەنێن، هەوڵی دامەزراندنی پەیمانگایەك بۆ لێکۆڵینەوەی پزشکی دەدەن وبۆ مەبەستی سیاسی خۆیان بـەکاری دەهێـنن(دەیانەوێـت بـەم هەوڵانـە دەسـتی تاوانی خۆیان پاك بکەنەوە)، لەناو هۆڵەکاندا وەك یادکرنەوە یادی دەکەنەوە و وتار لەدوای وتاری خەمناکانە دەخوێننەوە، پرسـەباری خۆیـان دەردەخـەن، لـە کاتـێدا هەڵەبجـە پێویسـتی بە پرسەگرتن نیە، زۆر دەمـێکە پێویسـتی بەوەیـە بریـندارەکان چارەسەر بکرێن. هەڵەبجە زیاتر پێویستی بە: دەستنیشان کردنی تاوانباران(نەك تەنها مرۆڤ کوژەکەیان، سەدام)، داوای قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی وبیۆلۆگی دەوڵەت و سیستێمە دیموکراتەکان بکرێت" ئەو سیستێمە مەحکوم بکرێت کە بە بەرهەمهێنان وبازرگانی چەکی کیمیاوی وچەکی قورس وقـورس تر بەدوای قازانج دەگەرێت(من هەقم بە کوندە پەپۆکانەوە نیە) با ناوی خۆیان بـە دیموکـرات و مۆدێرن و پارێزەری مـافی مـرۆڤ بنـێن)، بـە هـەموو رێگایـەك هـەوڵی قەرەبووی زیانەکان بکرێت.

لێرەدا باشتر وایە بەدوای شوێن پێی تاوانباران بگەڕێین، ناویان بهێنین، پەردە لەسەر درووکانیان هەڵماڵین، وداوای دادگایی کردنی راستەقینەیان بۆ بکەین. گەر بەم هەوڵەیش مافەکانمان دەست نەکەوێت، ئەوا نیشانەیەکی تر دەپێکین: هەژارانی گەلەکەمان بەو راستییە بەڵگەنەویستە ئاشنادەکەین، کە دەسەلأتدارانی دیموکراتی پەرلەمەنتاری" ئەوانەی وا خۆیان بە شارستانی لەقەڵەم دەدەن ولە کوردستاندا حزب و رێکخراو هەن بەبالأیان دێن، دروستکەر و فرۆشەر و بازرگانیکەری غازی کیمیاوی و وچەکی بە کۆمەڵ کوژی جۆراوجۆرن!!. هەژارانی کوردستان لە ژێر ناوی منداڵە بەغاز کوژراوەکانمان ناوی تاوانباران بنووسن و وەك پێشەنگی مرۆڤایەتی بانگەوازی دێرین:ئاشتی، ئاشتی ویەکسانی کۆمەلأیەتی بۆ گەلان، دنیای بازرگانیکەران بە کوشتنی بە کۆمەڵ گەڕ بکەین!

رۆژنامەی( tageszeitung die) لە ١٩٨٤/٣/٢٨ دا ئەم هەواڵە بلأودەکاتەوە:"راپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەلماندی، کە عیراق چەکی کیمیاوی دژی ئێران بەکار هێناوە. سەرۆکی رێکخراوی ناوبراو خافیر پیریس دیکویلار چوار پسپۆری خەڵکی( سوید، سویسرا، ئەسپانیا و ئوستورالیا)رەوانەی ناوچەی جەنگی عیراق وئێران کردووە.ناوەرۆکی راپۆرتی ئەم زانایانە هێما بۆ ئەوە دەکات کە هەندێ بۆمبا بەکارهێنراوە، کاتی خۆی لە جەنگی جیهانی یەکەم بەکارهێنراوە و بە گوێرەی پرۆتۆکۆلی جنێف لە ساڵی ١٩٢٥، ماددەی غازی زێنف تێدابووە".

رۆژنامەی (فرانکفۆرتە ئەلگماینە لە ١٩٨٤/٣/٣١) لە ژێر سەردێری"سی ئای ئەی: غازی عیراقی بەیارمەتی ئەلمانی" وتارێکی بلأوکردووە، تێدا هاتووە:بەگوێرەی ئینفۆرماتسیونی رۆژنامەی نیویورك تایمز، سی ئای ئەی ئاگادارە لەوەی کە عیراق بە یارمەتی شەرکەتی ئەلمانی غازی تابون(جۆرە غازێکە لە ساڵی ١٩٣٦ لە ئەلمانیا دۆزراوەتەوە)درووست دەکات. لەچەند هەفتەی رابردوودا چەند جارێك راپۆرتەکان خراونەتە بەر دەستی ریگان، بە بێ ئەوەی هەڵویستێکی لەسەر وەربگرێت.....

قســەکەرێکی وەزارەی ئــابوری ئــەلمانی وتــی، دامودەســگای درووســتکردنی مــاددەی قەلاچۆکردنی مێرووە زیانبەخشەکان بۆ عیراق نێردراوە ولە مانگی سێپتێمبەر دەکەوێتە کارکــردن. بــەلام نوێــنەرێکی شــەرکەتی کــارل کۆلــپ، فرۆشــتنی ئــەو دامودەســگایە بەدرۆخستەوە. لە شارۆچکەی درای ئایش لە نزیك فرانکفۆرت، شوێنی شەرکەتی پیلۆت پلانــت، لــەم بارەیــەوە لــە رۆژی هەینــیدا دانــی نــا بــە نــاردنی دامودەزگــای هــەوڵی درووســتکردنی"کــەمترین مــیقدار" لــە مــاددەی پستیسـیدن بـۆ عـیراق. لە هەمان رۆژدا قسەکەرێکی شەریکەتەکە بە (نیو یورك تایمز)ی وت" دەتوانم بڵێم ، ئەو دامودەسگایە، دامودەسگایەکی لێتۆژینەوەیەو ناتوانن ماددەی کیمیاوی جەنگی پێدروست بکەن. من مێشکم بۆی ناچێت بتوانن سوودوەربگرن لەو دامودەزگایە بۆ درووستکردنی تابون ،بەلام بەدووریشی نازانم."

پێدەچێت ئـەم هەواڵـە بۆمبێکی کاتی بوو وتەقییەوە، ئیتر لەچەندین ئاستی سیاسی و رۆژنامەگــەری جیاجـیا کەوتــنە پرســیارکردن و لێکۆڵیــنەوە. لــێرەدا پێویســت بــە بلیمەتییەکی تایبەت ناکـات تـا مـرۆ دەسـت بـۆ دوژمـنی مرۆڤایەتی درێژ بکات: هەر لەهــەمان رۆژدا، رۆژنامــەی فــرانکفۆرتە ئەلگمایــنە لەژێــر ســەردێڕی"بــۆن:هــیچ دامودەزگایەکی غازی ژەهراوی ئەلمانی بۆ عیراق نەچووە ئەم هەواڵەی بلاوکردەوە:

بۆن،٣/٣١ (dpa) ئەو لیکدانەوەیانە لەلایەن حکومەتەوە بەرپەرچ درایەوە، کە گوایە لە عیراقـدا غـازی ژەهـراوی بۆ جەنگ لە دژی ئێران، بە یارمەتی ناردنی دامودەسگایەك بۆ درووسـتکردنی مـاددەی قەلاچـۆکردنی مـێرووە زیانبەخشـەکانی شـەرکەتێکی ئـەلمانی درووسـت دەکرێت.قسەکەرەکە دانی بەناردنەکە ناوە، بەلام وتی" هێشتا دانەمەزراوە" ... فرۆشــتنی ئـەو جـۆرە دامودەزگایـە پێویسـتی بـە مۆڵـەتی حکومـەتی نـیەو لەسەر لیسـتی ئیکسـپۆرتی قەدەغەکـراوی جیهانی نیە. درێژە بە قسەکانی بوێنش، قسەکەری حکومـەت وتی"ئەو غازی پێستە کە بەکارهێنراوە لە بریندارکردنی سەربازە ئێرانییەکان بینراوە، لەو دامودەزگای هەوڵدانە کە لە ئەلمانیاوە نێردراوە دروست نەکراوە."

حکومـەتی ئەلمانیا رێ بە خۆی دەدات بەبێ لێکۆڵینەوە و پشکنین یا بە راستی بەدوای تاوانەکە بکەوێت، یەکسەر دەڵێت : نەخێر شتی وا نەبووە!! ...

پاش تێپەڕبوونی چەند مانگێك بەسەر ئەم هەواڵ و نووسینانەدا،ڕۆژنامەی(ڤێسەکورير) لە ٨٤/٧/٣٠ لە ژێر سەردێڕی"بۆن تۆژینەوە دەربارەی پرۆژێکتی–کیمیاوی دەکات" نووسیووە: حکومەت دەیەوێت جارێکی تر لە بنەڕەتەوە بکەوێتە لێکۆڵینەوە دەربارەی ناردنی دامودەسگای تەکنیکی بۆ دامەزراندنی فابریکێکی گەورەی کیمیاوی بۆ دروستکردنی ماددەی قەلاچۆکردنی مێرووە زیانبەخشەکان لەلایەن دوو شەرکەتی ئەلمانییەوە. قسەکەرێکی حکومەت وتی کە لە چوارشەمەدا لە کابینێت لەبارەیەوە دواون. هیلموت کول وتی" دەبێ ئەم مەسەلەیە بە هەموو ئەو ئامرازانەی لەژێر دەستماندان لێی بکۆڵینەوە". بەگوێرەی زانیارییەکانی گۆڤاری دێر شبیگل"لە ساڵانی ڕابردوودا وەزارەتی دەرەوە هەوڵی بێ سەرئەنجامی داوە لە گەڵ ئەو شەرکەتانەی وا لەم پرۆژەیە بەشدارن(کارل کۆلب، Co. KG، Equipment، پیلۆت پلانت) بۆ ئەوەی دەست لەو بازرگانییە لە گەڵ عیراق هەڵبگرن. شەرکەتەکان داوای قەرەبوویان کردووە، ئەگەر بازرگانییەکەیان بەهۆی (بۆن)وە زەرەری لێبکەوێت.کابینێت لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە جارێکی تر داوا لە عیراق بکرێت ڕێ بدات بە کۆمسیونێکی سەربەخۆ بۆ ئەوەی ئەو دامودەسگایە بپشکنن. عیراق هەتا ئێستا ڕێگای بەم پشکنینە نەداوە.

حکومەت لەوەڵامی پرسیارێکی حزبی سەوزەکان لە ٢/یولی وتی لەساڵانی ڕابردوو کە هەردوو شەرکەتەکە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی ئابووری دەرەوە پشکنراون و بۆیان دەرکەوتووە کە ئەمانە لە ساڵی ١٩٧٥وە حەوت دەسگای شوشەیی موختەبەرییان بۆ عیراق ناردووە کە بۆ دروستکردنی ماددەی قەلاچۆکردنی مێرووە زیانبەخشەکان دیاری کراوە، دوو دەسگای تریان بۆ دروستکردنی بەرهەمهێنانی قۆناغی پێش دروستکردنی ماددەی پیسیستسید ناردووە.

گۆڤاری( دێر شبیگل،ژمارە٣١ لە /٣٠/ ٨٤ دا هاتووە:ئێستا شەرکەتەکان کە بەشێوەی کەسایەتیشەوە بەو دروستکردنە بەستراونەتەوە، خەریکن لە نزیك شاری سامەڕا، دەسگایەکی کیمیاوی گەورە دادەمەزرێنن.

پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر ئەم هەواڵ و بۆچوونانە کە هەر وا بەبێ چارەسەر ماوەتەوە، کۆمەڵێ زانیاری نوێ و وردتر لەگۆڤاری شتێرن لە ١٩٨٧/٢/١٩ دا

بلاّوكـراوەتەوە. شـتێرن وتـارێكی لەژێـر نـاوی: نـاردنی كەرەسـتەی تـر بۆ(SEEP ).
شـەركەتە ئەلمانیـیەكان بـە دامودەسـگا یارمـەتی شـەركەتی عیراقی(سیپ)یان داوە بۆ دروسـتكردنی غـازی ئەعصـاب و یارمەتـیان داوە بۆ درووستكردنی ماددەی جەنگی بۆ جەنگ لەگەڵ ئێران" بلاّوكردووەتەوە.
لە گەڵ ئەم ووتارە وێنەیەك كە بەزەتەلایت گیراوە بۆ دامودەسگای نهێنی لە نزیك شاری سـامەرا وبـۆ یەكـەم جـارە بلاّوكـراوەتەوە ولـە ژێـریدا نووسراوە: مانگانە ٦٠ تەن غازی زێنف و ٢ تەن تابوون لە شەركەتی چەكی كیمیاوی درووستدەكرێت
ئـەوەی زۆر گـرنگ بێـت لەم وتارە:١/ لە ٣٠/ئۆگۆست/١٩٨٥ دا نووسینێك گەیشتووەتە كۆنزێرنی پرۆیسـاك لـە هانۆڤـەر بـۆ ئۆتـۆ هۆلتسـە بەرپرسی بەشی ناردن، تێدا عیراق داوای ناردنی ٢٥٦ بەرمیل مادەیەكی كیمیاوی دەكات. دكتۆر مەروان ریفاعی ،بەرپرسی هۆلتسـە وتـی<< زۆر سـەیرمان بەم نامەیە هات، چونكە پرۆیساك هیچ كاتێك بازرگانی كیمیاوی لە گەڵ عیراقی نەبووە وپاشان پرسیاری لە هاوكارەكەی كردووە كە ئەو نامەیە بـە هەڵـە پێـیان گەیشـتووە. پـاش چـەند دەقەیـەك تەلكسـێكی تـر گەیشـت و تـێدا نوسـرابوو<<لەراسـتیدا هەواڵەكـەمان بـۆ شـەركەتی (دوبـل یـو.ئـی.تـی)ە. تكایە نامە یەكەمەكـە لـەناو ببەن. د. ریفـاعی وتـی" پیـتەر لایفـەر و ئۆتـۆ هۆلتسە لەپشتە ملێی كۆنزێرنی پرۆیساك بازرگانێكەیان دەكەن.
١/ شـەركەتی(WET) لـە گەڵ نەزار ئەلقازی نوێنەری شەركەتی ئەلمانی(پرۆیساك) لە بـەغدا عـەقدێكی بەسـتووە، ئەمـیش لـە گـەڵ( State Establishment for Pesticides prodution) لە (سیپ) عەقدی بەستووە.
٢/ عـیراق لـە ناوەراسـتی حەفـتاكانەوە لـە شـوێنی ناوبـراودا، خـەریكی درووسـتكردنی ماددەی پاراستنی ڕەووك بووە.
٣/ نـزیكەی نـیو ملـیارد ماركـیان خـەرج كردوە بۆ درووستكردنی ئەم ماددەیە. شتێرن بەتەوسـەوە دەنووسـێت"بالۆیـزی عیراقی لە بۆن عەبدولرەزاق ئەلهاشمی، ئێستاش لەو بـڕوایەدایە كـە ئـەو پارەیـە تـەنها بـۆ<< درووسـتكردنی مـاددەی پاراسـتنی ڕەووك خەرجكراوە>>.

٤/ سێ هەفتە پاش یەکەم تاوانبارکردنی پیلۆت پلان و کارل کۆلپ، هاوسەرەکانی هۆلتسە و لایفەر پێکەوە لە گەڵ راینهوڵد کراوزکۆپف بازرگانی ئەلکترۆن شەرکەتی ( WET) یان درووست کرد ولە ژێر ژمارە HRB 32783دا لە سجلی بازرگانی ناونووس کرا. لە دیسەمبەری/١٩٨٥دا لایفە و نەزار ئەلقازی لە کۆنزێرنی پرۆیساك دەرچوون و بوون بە بەڕێوەبەری بازرگانی ئەم شەرکەتە.

پاش ئەم هەواڵ و لێکۆڵینانەدا(ئەمەی لەم نووسینە وەرمگێڕاوە تەنها نموونەیەکی زۆر زۆر کەمن و تەنها ئاماژە بۆ ئەو هەواڵانە دەکەم کە پەیوەندیان بە بازرگانی غازی کیماوییەوە هەیە. ئەو هەواڵانەی کە عیراق بە یارمەتی ئەلمانیا بەرێگای بەرازیلەوە ـ بەرنامەی ئەتۆمی بەرازیل بە پلەی یەکەم لەسەر پێکەوەکاردنیان لە گەڵ ئەلمانیا بەڕێوەوە دەچێت ـ هەوڵی جدی درووستکردنی چەکی ئەتۆم دەدات. ئەمە بەگوێرەی رۆژنامەی فرانکفۆرتە روندشاو لە ١٩٩٠/٩/٥. هانز کلاین قسەکەری حکومەت لە ٩/٦/ ١٩٩٠لەهەمان رۆژنامەدا، بەرپەرچی ئەم هەواڵەی داوەتەوە ـ بایەخم پێنەداوە).
رۆژنامەی(دی تاگس تسایتونگ) لە ١٩٩٠/٨/١٨ دا هەواڵێك بەم شێوەیە بلاودەکاتەوە: غازی ژەهراوی لە ئەلمانیاوە. لەخواریەوە" گرتنی حەوت جاشی بازرگانی غازی کیمیاوی ئەلمانی".
رۆژنامەی (نۆیە تسیورشە تسایتونگ لە ١٩٩٠/٨/١٩) هەواڵێکی لە ژێرناوی" بازرگانی غازی کیمیاوی ئەلمانی لە گەڵ عیراق"بلاوکردووە. لەم هەواڵە نووسراوە: دارمشتات،١٧/ ٨/
"لە رۆژی هەینیدا لە ئەلمانیا حەوت کەس دەسگیرکران بەهۆی گومانکردن لەوەی کە دامودەسگای بەرهەمێنانی غازی جەنگی بۆ عیراق ناردووە. یەکێك لە گرتراوەکان ناوی ئەلقازییە کە پسپۆری بەشی عیراقە لە دەزگای موخابەراتی ئەلمانی(BND.) ... و کارمەندانی پیلۆت پلانت لە درای ئایش و W.E.T لە هامبۆرگ و بەشێکی ئیکسپۆرتی پرۆیساك لە هانۆڤەر. هەروا ئێستا لەم بوارەدا لەگەڵ ٢٠ کەسی تر وەك تاقە کەس یا وەك کارمەندی شەرکەتەکان لێدەکۆڵدرێتەوە."

رۆژنامـەی دی تـاتس تسـایتونگ لـە ١٩٩٢/١١/٢٤"نەختـێك" پێشـانمان دەدات بۆچـی پێشـتر لـە ئاستی دەوڵەتە زلهێزەکان لەم چەکدارکردنەی عیراق بەدەنگ نەهاتووە، لەم ژمارەیـە ئـەم هەواڵـە بلاودەکەنـەوە" لـەندەن ـ بـە گوێرەی هەواڵی رۆژنامەکان، عیراق پێش جەنگی کەنداو "مصادقە"ی ئەمریکا و بریتانیای مسۆگەرکردووە بۆ کرینی چەك. لەنـێوان ١٩٨٩ و ١٩٩٠ عـیراق نەوتەکەی بەنرخێکی هەرزانتر لە نرخی ولاتەکانی کەنداو بـە ئەمـریکا و بریتانـیا فرۆشـتووە. دوێـنی رۆژنامـەی گاردیـان ئـەم هەواڵـەی بلاوکردووەتەوە. مولتی نەوتی ئەمریکاییەکان قازانجێکی زۆریان کردووە. لەم بارەیەوە، گاردیـان هـێمای کردووە بۆ دوکومێنتێکی نهێنی وزارەتی دەرەوەی ئەمریکی لە مارسی ١٩٨٩..."

لـە ١٩٩٣/٢/٤دا رۆژنامـەی زویدتسیتونگ هەواڵی "گرتنی ( Anton Eyerle تەمەن ٦٨ ساڵ و walter Dittel تەمەن ٦٦ ساڵ و هندییەك بە ناوی Subramaniam Venkatarararamanan تەمـەن ٤٣ سـاڵ ) سـێ مەنیجەری شەرکەتی (راین ـ بایرن فارتسویگ باو)کە شوێنەکەی لە (کاوف بۆیەرن)ە سەر بە شاری ئۆگسبۆرگ. ئەمانە لە ساڵی ١٩٨٧ ـ ١٩٩٠ چەکیان بە نرخی ٣٠ ملیون مارك بە عیراق فرۆشتووە".

لـە رۆژی١٩٩٢/٩/٢٢دا، رۆژنامەی دی تاگس تسایتونگ هەواڵی سزادانی سێ مەنیجەری کۆنزێـــرنی( بلاوکـــردووەتەوە. تاوانەکـــەیان بریـــتی بـــووە لـــە نـــاردنی ٣٥ ( Turbopumpen) بـۆ عـیراق. سـزاکەیان لـە نـێوان ٤ـ ١٢مـانگ زیـندان( لەژێـر چاودێری)، بەبێ ئەوەی بەراستی زیندان بکرێن."

حکومـەتی ئەلمانیا دەیەوێت بەرپرسی تاوانە گەورەکەی بە گرتنی چەند "بازرگانێك" پـاك بکاتەوە و ئێمەش بێدەنگ بکات و تەواو!هەموو مەسەلەکان لابەلاکران!دەسەلاتی دیموکراتییەتی پەرلـەمانی زامـنی دادپەروەرییە!. بۆ ئاگـاداری شـەرکەتە زلهێزەکان پێکەنینـیان بـە سـزادانەکان دێـت، چـونکە ئـەوەی بـە شـکاندنی یاسـاکانی ئیکسپۆرت مـەحکوم بکرێـت، لـە ٥٠٠ مـارك تـا ١٠٠٠٠ مـارك سزا دەدرێت! جا ئەم پارەیە چییە بۆ شـەرکەتێك هەسـتابێت بـە فرۆشـتنی چـەك بـە نـرخی چـەند ملیونـێك؟ هـەروا دادگایی کردنەکان"لەبەر کورتهێنانی بەڵگەکان" بەبێ ئەنجامی دادپەروەرانە کۆتاییان پێدێت.

بۆیه ئێمه ئەوەندە بێئاگا نیین تا بەم کارە گومانلێکراوە قایل بین و رێبدەین تاوانەکان تەنها ببن بە یادگارییەکی دڵ تەزێن. لێرەدا  لیستی سەرجەمی یارمەتیدان و پشتگیری کردنی ئەلمانیا بۆ بەهێزکردنی سەربازی عیراق بڵاودەکەینەوە.نرخی ئەم چەکدارکردنە بەگوێرەی ئینستیتوتی لێکۆڵینەوەی ئاشتی سویدی(SIPRI ) لە دە ساڵی رابردوودا(لە گۆڤاری" شوێنی تاوان: عیراق" لە ١٩٩٠ بڵاوکراوەتەوە) گەیشتووەتە نزیکەی ٨٠ ملیارد دۆلار. رۆژنامەی(هاندل بلات لە٣/٤ـ٨/١٩٩٠“  MEED لە ١٢/٣/ ١٩٨١ و ٣٠/١/٨١“١٠/٨١“ ¾/ ٨١) ئاماری رەسمی حکومەت دەربارەی بازرگانی ئەلمانیا لە گەڵ عیراق بەم شێوەیە بڵاوکردووەتەوە:لە ١٩٧٠: ٧١ ملیون مارك بووە و لە ١٩٧٥: ٦،٢ ملیارد مارك“ ساڵی ١٩٨٠: ٣،٣ ملیارد مارك“ لە ١٩٨١: ٦،٦ ملیارد مارك “ ١٩٨٢: ٦،٧ ملیارد مارك . لە ساڵی ١٩٨٣ :٧،٣ ملیارد مارك“١٩٨٧ :٨٢٣ ملیون مارك“ ١٩٨٨ : ٦،١ ملیارد مارك“١٩٨٩: ٢،٢ ملیارد مارك. لێرەشدا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە سیستێمێك لەسەر قازانج راوەستابێت، رێگا لە بازرگانی بە پارەیەکی وا خەیاڵاوی ناگرێت.

ئەوانەی دەنگیان بەرامبەر ئەم تاوانە بەرزکردەوە بریتین لە کۆمونیستەکان و چەپ ولە پێشی پێشەوەیان رێکخراوی میدیکۆ ئینتەرناسیونال. میدیکۆ بە یەکەم رێکخراو دادەنرێت دەستپێشخەری کردووە لە داوای قەرەبووی زیانەکان بۆ قوربانیانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە کوردستان.

بەرێز هانز براندشاید لە نامەیەکیدا کە لە(تاتس تسایتونگ،٣٠/٨/١٩٩٠)بڵاوکراوەتەوە، پرسیار دەکات"بۆچی دەستەی فراکتسیونی حزبی سەوزەکان بەناوی ئەوانەی لەهەڵەبجەدا لە مەرگ رزگاریان بوو، لە دژی حکومەتی ئەلمانیا داوای قەرەبووی زیانەکانیان بۆ ناکەن؟... لە هەمان لاپەڕەی گۆڤاری(چەك بۆ سەدام ـ دەربارەی پەیوەندی موخابەراتی ئەلمانی لە گەڵ عیراق. دیکومێنتاتسیون. بە ئەلمانی، لاپەڕە ٤ )دا هەواڵێکی رۆژنامەی دی تسایتونگ لە ژێر سەردێڕی"میدیکۆ داوا دەکات لە حکومەتی ئەلمانی قەرەبووی زیانەکان بۆ کوردە قوربانیەکانی غازی ژەهراوی بدات"بڵاوکراوەتەوە وتێدا هاتووە: دەبێ حکومەتی ئەلمانی ٥٠٠ ملیون مارك بدات بۆ

بەقوربانییەکانی هێرشی غازی کیمیاوی عیراق بەسەر هەڵەبجە کە لە مارسی/١٩٨٨ دا ٥٠٠٠ مرۆڤی کوشت ونزیکەی ٥٠٠٠ یشی بریندارکرد"

---

# ڕوونکردنەوەیەك بۆ ڕای گشتی کوردستان

لە(١٠)یەمین ساڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، زۆربەی ڕۆژنامەکانی کوردستان بەمانشێت لەسەر یەکەم لاپەرەکانیاندا، ئەم هەواڵە بلاوکردەوە:"حکومەتی ئەلمانیا لەسەر زاری راوێژکارو سەرۆکی پەرلەمان وحکومەتەوە داوای لێبوردنیان لە گەلی کوردستان کردووو...". ئەمرۆ ٢/٤/٢٠٠٠ رۆژنامەی رێگای کوردستانم بەدەست گەیشت، دەبینم لەلاپەرەی یەکەمدا، وەك وەبیرهێنانەوەیەك، هێماکراوە بۆ هەمان هەواڵ. منیش لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم بۆ رای گشتی کوردستان ئەم ڕوونکردەوەیە بنووسم:

١/لە هیچ کاتێك و بەهیچ شێوەیەك حکومەتی ئەلمانیا بۆ بەشداربوونیان لە تاوانی دژبە مرۆڤایەتی لە هەڵەبجە، داوای لێبوردنیان لە گەلی کوردستان نەکردووە!.

پێش دوو ساڵ رێکخراوی میدیکۆ ئینتەرناسیونال لە ڕۆژنامەی(دی تاگس تسایتونگ) کە لە بەرلین دەردەچێت، ئەو داوای لێبوردنە بەناوی سەرۆك حکومەت و پەرلەمان بلاوکردەوە، بەبێ ئەوەی حکومەت شتێکی وای وتبێت" بەبێ ئەوەی لە خەیاڵیشدا هەنگاوێکی وایان دانابێت" مردووەکان شتی وایان ووتووە" نەك بەرپرسیارانی حکومەتی ئەلمانی.

میدیکۆ ئینتەرناسیونال بەو نووسراوەیە ویستیان(وەك هیوایەکی خۆیان یا وەك چاوەڕوانییەك) چاوەروانی ئەوەن، حکومەتی ئەلمانیا داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات. ئەو نووسراوەیەی میدیکۆ دەکرێت وەك زاتیرێك ببینرێت!

له كۆنفرانسی جیهانی ڕێكخراوی(پێن) له بەرلین، بەڕێز هانز برانتشاید بەرپرسی میدیكۆ ئینتەرناسیونالم بینی و پیموت، پێویستە لەم بارەیەوە ڕوونكردنەوەیەك بدات. لەوەلامدا وتی"دەزانم، بەداخەوە برا كوردەكان وا بەهەڵە لەو مەسەلەیە تێكەیشن. كە نۆرەی قسەكردنم هات، ئەمەیش ڕووندەكەمەوە". بەلام بەداخەوە ڕوونكردنەوەكەی دەنگی نەدایەوە له ڕۆژنامە كوردییەكان.

٢/شالیاری حكومەتی ئەلمانیا كریستۆف تسۆپل لە ولامیدا بۆ نامەی پەرلەمێنتاری حزبی دیموكراتە سۆسیالیستەكان(PDS) ئوله یالپكه دەربارەی پبژاردنی قەرەبووی قوربانییەكانی هەڵەبجە وتی" ئەوەی كە ڕوویدا لە ژێر لێپرسراوێتی ئەلمانیادا نیە. كەواتە ناشێ بگوترێ ئەلمانیا پێویستە قەرەبووی زیانەكات بكات. تەنها كەسانێك كە لێپرسراون لەو كارەساتە سەركردە عیراقییەكان بوون،ئێمەش تاوانبارمان كردن."

وەك دەبینن، ئەمانە هەر بەهیچ شێوەیەك خۆیان بەبەرپرسیار لە بەشداربوون لە تاوانی هەڵەبجە نازانن. خۆیان بە هاریكەر و یارمەتیدەری فاشستەكانی عیراق نازانن. ئێمە دەبێ وەحشیگەرێتی ئەمانە هەر بەگوێرەی "یاساكانی خۆیان" وەلام بدەینەوە. ئەمانە ڕێگا بە خۆیان دەدەن كتێبخانەیەك لەبەر فرۆشتنی كتێبێك كە پێش چەند سالێك هەزاران نوسخەی لێفرۆشراوە و بەرەسمی بلاوبووەتەوە، ئێستا بە پالپشتی تیرۆریزم تاوانبار دەكەن!!!. چەند لاوێك لەخوار تەمەنی ١٨ سال بە ڕەسمی بە تیرۆریست لەقەڵەم دران، لەبەر ئەوەی بنكەیەكی فاشیستەكان لە دێی ماكن ڕۆدە بەردباران كر بەر!!!بەلام ناردن یا یارمەتیدانی دەیان شەركەتی چەكدرووستكردن بە چەكی كۆمەڵ كوژ وەك چەكی كیمیاوی، بیولۆگی بۆ عیراق بە كاری تیرۆریستی وتاوان دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەم نادەن. ئێمە دەبێ هەزارجار دووبارەی بكەینەوە: تاوانبار ئەو كەسەیشە كە یارمەتی تاوانبار دەدات. واتە نەك فاشیستێك وەك سەدام بەرپرسیارە لەو تاوانە، بەڵكە هەموو ئەوانەیش وا لە دروستكردن ودامەزراندنی چەكە ستیراتیجییەكاندا بەشداریان كردووە و بەم هۆیەوە عیراق وناوچەكە كرا بە گۆرەپانی تیرۆر وجەنگ و بە كۆمەڵ كوشتنی بێتاوانان وكۆچكردنی ملیونان مرۆڤ.

بەکورتێکەی: بەچکەکانی هیتلەر بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بڕیار دەدەن، کێ وبۆ و کەی بە تیرۆریست ناوببەن!

ئێمە دەبێ قۆڵی بۆ هەڵماڵین وبەجدی هەوڵی بەدەستکەوتنی مافەکانمان بین.

لە ٢٠٠٠/٤/٣

## بانگەوازێك لە پێناوی:قەرەبووی زیانەکانی هەڵەبجەو دێهاتە کیمیاوی بارانبووەکان!

قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی!

چـەکی لەناوبـردنی بـە کۆمـەڵ، وەك چـەکی کیمـیاوی لـە جـەنگی جـیهانی یەکـەمدا بەکارهێـنراو ئـەوە نـزیکەی نـیو سـەدەیە بەسـەر سـووتاندنی پیشەسـازییانەی نزیکەی شـەش ملیون جوو لەناو فرنە غازەکانی نازێکان تێدەپەڕێت وئەمساڵیش لە ٢٠٠٠/٢/١٦، دوازدە سـاڵ بەسـەر کیمـیابارانی شـاری هەڵەبجـە تێپەڕی. بـەدرێژایی ئـەم مێژووەدا، بەبـەردەوامی لە کەناڵە پڕۆپاگەندییەکاندا، باسی گەورەیی ئەم تاوانانە دەکرێت وچەند دژی مـرۆڤایەتین. بـەلاَم هـەموو ئـەو بـاس و دوکومێـنت پێشـاندانە هیچ لەم راستییەی خـوارەوە نـەگۆڕیوە: دروستـکەرانی غـازی کیمـیاوی و چـەکی بەکۆمەڵ کوشتنی تر و بەگشـتی چـەك لـە ئەلمانـیا، کـە ناوی دیموکراتییەتی لە سەر ئالاَکەی نوسیووە، وەکو جـاران درێـژە بـە درووسـت کردنـیان دەدەن، شـانازی بـە پەرەسـەندن و زیـادبوونی کارتێکردنەکانـیان دەکـەن، دەیفرۆشـن" بازرگانییەکەشیان هەتا دێت زیاتر گەشەی پێ دەدەن، لەسەرئەنجامیشـدا بەکاردەهێـنرێن و دەبـنە هـۆی کارەسـاتی دڵـتەزێن، وەحشـیگەرێتی و تـاوان بلاَودەکەنـەوە و مرۆڤـیش ناچاردەکرێت شەرم لە مرۆڤ بوونی خۆی بکات.

ئایا ئەمـە ئامانجی شارستانییەتی ڕۆژئاوایە وبانگەشەکەیان بۆ ئازادی و دادپەروەری و پاراستنی مافی مرۆڤ؟

ئایا ئەم بازرگانییە، ئازادی و بەختەوەری بۆ مرۆڤایەتی دەهێنێت؟

شوێن و جێگای لۆژیك و هۆشی ئینسانیانە لە توی ئەم کردارانە لە کوێیە؟

داوای لێبوردن و پرۆتێستکردن یا فرمێسك ڕشتن وهات وهاواری ڕۆژنامەو تەلەفزیونەکان پاش تاوانە جەرگ بڕەکان، چ سوودێك بە قوربانییەکان دەگەیەنێت؟

وڵامی ئەم پرسیارانە ئاشکرایە: هیچ.

ئـێمە وەك هونەرمـەند، شـاعیر، نووسـەرو ڕۆژنامـەنووس نامانەوێـت جـارێکی تـر هەڵەبجەیـەکی تـر لـە کوردسـتان یا لـە هـەر شـوێنێکی تری جیهان ڕووبدات. بۆیە داوا دەکـەین لـە هـەر مرۆڤدۆسـتێك، لـە هـەر ئاشـتی خوازێك، داوا لـەو کەسـە دەکـەین کە بەراستی نایەوێت جارێکی تر چاوی بە تاوانی کوشتنی بە کۆمەڵ بکەوێت، لەو کەسەی کە لەجیاتی چەك دروستکردن، بانگەشەی نان و ئاشتی و تەبایی بۆ مرۆڤ و ژینگەکەی دەکات، هاواری وەستاندنی چەکدروست کردن بکات! هیچ هۆیەکی ڕەوشتی مرۆڤانە لە دروستـکردنی چـەك نـیـە. هـیچ سـوودێکی نیـیە، ئـەوە نەبێـت لایەنێکیان گیرفانـیان پـڕدەکەن و لایەنەکـەی تـریش ژیـانی لێ زەوت دەکرێـت. دەبـێ ئـەوەی چەك درووست دەکـات وەك ئـەوەی بـە کـاری دەهێنێت بۆ بـە کۆمەڵ کوشتن، بە دوژمنی مرۆڤایەتی ناوببرێت و وەك دڕندەیەك لە دادگا بدرێت.

ئـێمە خوازیـاری ئـەوەین، بـەرووی حکومەتـە خـۆ بە "شارستانی و پێشکەوتوو"وەکان بڵێین: ئێوە مرۆڤ خۆرن! هەڵەبجەیش شایەتە...

مەبەسـتی ئـێمە لـە ڕێکخستنی ئەم پرۆتێستانە لەبەردەم باڵوێزخانە و کونسلیاتەکانی ئەڵمانیا بـۆ قەرەبووی زیانەکانی هەڵەبجەو دێهاتەکان، لەبەر ئەوە نییە تەنها بەشداری ئەڵمانیا لەو تاوانە مەحکوم بکەین، بەڵکە لە هەمان کاتیشدا مەبەستمان مەحکەمکردنی هـەموو ئەوانـەی وا لـە چوارچێوی وڵاتەکـەیاندا پـەرە بـە چەك درووستکردن دەدەن و پـەیمانی سـەربازی نـوێ ڕێکدەخەن، پاکتی نوێ دادەمەزرێنن وملیتاریزم ئەوەندەی تر بڵاودەکەنـەوە. ئەمـە دژی هەسـت وسـۆزی مـرۆڤە، زەبروزەنگێکە دژی واتـای ژیـان و

زەمینەخۆشکەرە بۆ بەردەوام بوونی هەرەشە وجەنگ بەرپاکردن و وێرانی! ئەمەیە تیرۆریزم.

لێرەدا، شایانی باسە کە کریستۆف تسۆپل شالیاری دەوڵەتی ئەلمانیا سەبارەت بەقەرەبووی زیانەکانی هەڵەبجە وتی: ئەوەی کە روویدا لەژێر لێپرسراویتی ئەلمانیادا نیە، کەواتە ناشێ بگوترێت ئەلمانیا پێویستە قەرەبووی زیانەکان بکات. تەنها کەسانێك کە لێپرسراون لەم کارەساتە سەرکردە عیراقییەکان بوون، ئێمەش تاوانبارمان کردن".

لەوە دەچێت کە ئەم شالیارە ئاگای لەوە نیە، کە دادگای ئەلمانیا لە شاری دارمشتاد چەند بەرپرسیارێکی بازرگانی بە چەکی کۆمەڵ کوژی ئەلمانی لە گەڵ عیراق بۆ سێ ساڵ سزادا!!

ئەمەیە دادپەروەری!

بڕوانن، هەموو پشتگیری و یارمەتی و رۆڵی سەرەکی ئەلمانیا( بڕوانە لیستی شەرکەت ودەزگاکان) بۆ دامەزراندن وبەهێزکردنی چەکە ستراتیجییە پڕ مەترسیەکانی فاشیستەکەی عیراق، هێناوەتە سەر بەرپرسیاربوونی چەند کەسێك! بەمە دەیانەوێت بەرپرسیاربوونی هۆشیارییانەی پیشەساز و بانق وحکومەتی ئەڵمانیا بپۆشن و پێمان بڵێن: دادگاکەمان بەناوی گەلی ئەلمانیا ئەم تاوانبارانەی مەحکوم کرد! ئەمەیە دادپەروەری! داوایش لە ئێمە دەکەن بێدەنگ بین.

بۆ ئاگاداری: چەند نەوجوانێك بەشداریان کرد لە بەردبارانی ماڵی فاشیستێك لە دێی ماکن رۆدە. دادگای بەرزی ئەلمانیا بە تیرۆریست لە قەڵەمیانی دا! چەند کتێبخانەیەك بە پشتگیریکەری تیرۆریزم بە گوێرەی یاسای ژمارە ١٢٩ لە دادگادران، چونکە کتێبێکی رێکخراوی لەشکری سوور، کە بەئاشکرایی لە لایەن دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی رێپێدراوەوە، پێش چەندساڵێك لەمەوبەر، بەرەزامەندی بەرپرسیارانی بڵاوکردنەوەی کتێب وگۆڤار، هەزاران نوسخەی لێ فرۆشرا!!! کەچی بەشداربوونی جۆراوجۆری خۆیان لەلانی کەمەوە لە قەتلوعامێکی وەك هەڵەبجە، خۆیان لەبەرامبەریدا بە بەرپرسیار نازانن.

ئـێمه بەرامـبەر ئـەم تاوانانـه بـێدەنگ نـابین و بـه پـێـنووس و فرچـه وئـاوازو دەنـگ و پرۆتێستی جۆراوجۆرمان رووبەرووی حکومەتی ئەلمانیا دەبین تا بە مافی رەوای خۆمان دەگەین.

دەنگی ئـێمه، بـۆ قـەرەبووی زیانـەکانی هەڵەبجـه وبالیسـان و توتمـه، قـەرەداغ، دۆڵی خۆشناوەتی وشێخ وەسانه

بۆ ئەوەیە، ئەم سەدەیە بکەین بە سەدەی لەناوبردنی چەك

ئەمە پەیامی ئێمەیە بۆ مرۆڤایەتی.

---

## پێشنیارێك بۆ هونەرمەندان:

مـن پێشنیاری ئەوە دەکەم تابلۆیەکی گەورە بە ناوی هەموو شەرکەتە ئەلمانییەکان لە سـەر گۆرسـتانی شـەهیدان بـە غـازی کیمـیاوی لـە هەڵەبجـە درووسـت بکرێـت ولـە پێشەوەیشـی وێـنەیەکی سـەدام ـ وێـنەیەکی هەیـە بـە جلوبـەرگی بایـرەن(ئەلمانـیا) ـ درووستبکرێت. هەمان شت لە شوێنە کیمیاوی بارانبووەکانی تر.

---

## پێنووس و تابلۆ و دەنگەکانمان لە پێناوی نان و ئاشتییە!

وەك مافێکی سەرەتایی ئینسان و ژینگە، داوا لە حکومەتە زلهێزەکان و ئۆرگانە نیودەوڵەتەکانیان دەکەین، چەکدروستکردن یاساغ بکەن و ئەوەی درووستی بکات بە تیرۆریست و درندە بناسرێت و سزا بدرێت!

## پەرلەمێنتارێکی حزبی سەوزەکان (Jamal karsli) لە ئەلمانیا، پروپاگەندە بۆ فاشیستەکانی بەغدا دەکات.

لەمانگی رابردوودا، بەهەوڵ و کۆششی سەرۆك حزبی کۆمارێکان(حزبێکی فاشیستن، شان بەشانی حزبە نازێکانی تر)، حزبی مەسیحی دیموکرات، حزبی لیبراڵەکان، حزبی شۆسیال دیموکرات، حزبی سەوزەکان، حزبی دیموکراتی سۆسیالیسی(حزبێکی چەپە!)، کۆمەڵەی ئـەلمانی – عیراقـی، کۆمەڵـەی ئـەلمانی – عەرەبی لە ئەلمانیا، لە دژی ئابلۆقەی ئابوری ئەنگلۆئەمریکی، فرێـنی سـۆلیداریتیان بـۆ عـیراق کـرد!! لـە دژی ئـەم هەوڵـە چالاکی جۆراوجـۆر رێکخـرا لەلایـەن ئۆپۆزیتسـونی عیراقی و رێکخراوی ناحکومی و ئۆمانیتی وەك میدیکۆ ئینتەرناسیونال و وادی.

پـاش تێپەڕبوونی زیاتـر لە مانگێك بەسەر ئەم پشتگیرییە هۆشیارییانە بۆ فاشیستەکانی بەغدا، بەرپرسێکی حزبی سەوزەکان بەناوی جەمال کارسلی، راپۆرتێکی نووسیوە لەسەر سەفەرەکەی و ئاراستەی سەرۆك دەوڵەت و سەرۆك کۆمار کردووە بۆ ئەوەی هێزیان بەکار بهێنن بۆ لابردنی ئابلۆقە لەسەر عیراق.

لـە راپۆرتەکـەی هـاتووە: ... بـە بەرپرسیارەکانم وت"من حەزم دەکەم چاوم بکەوێت بە نوێنـەرانی دانیشـتووە کوردەکـان. ئەوانـیش هـەلی چاوپێکەتنم لـە گەڵ جێگری سەرۆك پـەرلمان(Ajeel j Ismail ) و سـێ پەرلەمانـتاری تـر رێکخسـت، هـەر هەموویان کورد بـوون. ٢/٣ کوردەکـانی عـیراق(٢،٥ملـیون:١٩٨٠) لـە باکوری عیراق دەژین و ١/٣لە باقی عیراق . بەرێز ئیسماعیل ، وەك نوێنەری ١/٣کوردەکان وای دەبینێت کە هیچ گیروگرفتێك لە ئـارادا نـیە لـە پـێکەوە ژیانـیان لـە گـەڵ عـەرەب. هـەروا لـە بـڕاویەدابوو کـە زۆربەی کوردەکـان لـە ناوەراست و خوارووی عیراق پشتگیری لە حکومەت دەکەن. مافەکانیان لە دەسـتوور گرانـتکراوە و کۆمیسـیونێکی پەرلـەمان چـاودێری جێبەجێکردنیان دەکات. بە پێچـەوانەی تورکـیا ....مـیدیای کـوردی بـە شـێوەیەکی یاسـایی هەیـە و بلاّودەکرێـتەوە....بەگوێـرەی قسـەکانی ئیسـماعیل، پـەیوەندیش لـە گـەڵ کوردەکـانی

باكوردی عیراق هەیە. حكومەت بۆ چەند جارێك ئامادەیی گفتوگۆكردنی دەرخستووە بۆ بەرفراوانكردنی ئۆتۆنۆمی... بەلاّم لەژێر فشاری ئەمریكا ئەم جۆرە گفتوگۆیە نەكراوە...هتد"

ئەمڕۆ ئیمیلێكم پێگەیشت: ڕێكخراوی(GfbV) داوا لەو گێلە پیاوە دەكات، لە كاركردنە سیا سییەكی دەستبكێشێتەوە.

ئەم كابرایە بە قسەی جاشێك بڕوای هێناوەو بووە بە زوڕنای جەلادەكانی گەلی كوردستان و عیراق..... ئیجا كورگەل بەون، ئەی خەرە لەی خەرپاگە دەركەن، دوياییش خەرگ عالياوە بگرنە سەری....زۆر لەسەر ئەەم باسە ناڕۆم، چونكە قسە هەزارە، دووی بەكارە.

٢٠٠١/٧/٩

==================================================

## دەبێ هەموومان بەبێ جیاوازی لەژێر جامانەكەی عومەر خاوەر كۆببینەوە!

گەرچی پێش نزیكەی دوو مانگ لە خۆئامادەكردن بۆ یادی كارەساتی هەڵبجە ولە بانگەوازەكەمان ولەچەندین نووسراوەی جیاوازو ڕوون وئاشكرادا( بانگەوازی ٢/٢، بانگەوازی ٢/٨ بۆ یەكخستنی بیرۆكانی هەردوو حزب لە دەرەوەی ولاّت و لە

بانگەوازی ٢٠٠١/١/٢٥ و٢/٢٧کاروانی ئاشتی)، پەیوەندی و تکا وداوامانکرد لە هەموو کەسایەتی، حزب و کۆمەڵە جۆراوجۆرەکان، پێکەوەو بەبێ جیاوازی لە ژێر جامانەکەی عومەر خاوەر کۆببینەوە. بەداخەوە مەبەستی دزێو، نەزانی وخۆ بەزل زانین و رقی رەش، سەر لە نوێ بوون بەرێگر(لێرەدا برێك لەو بۆچوون و هەڵویستانە دەخەینە بەرچاو. خاوەنەکانیان قسە زەردەکانیان دەناسنەوە،بابێنەگوو رەخنە بگرن، یا پێشنیاری باشتر بکەن!): مەڕۆن بۆ ئەکتسیونەکەی بەردەم سەفارەتی ئەلمانی!... لەبەر ئەوەی فلأنە حزب بەشدارە، ئێمە بەشداری ناکەین!... لەبەر ئەوەی فلأنە حزب چووە بۆ بەردەم سەفارەتی ئەلمانی، من ناڕۆم بۆ ئەوێ... ئێمە ١٧حزبین پێکەوە ئەکتسیون دەکەین بەبێ پ.ك.ك!...لە لەندەن، ئیسلامێکان بە(لا إلە إلا الله)لە ئەکتسیونی بەردەم سەفارەتی ئەلمانیا بەشداریان کرد....بەرێز کاك سەربەست ئاکرەیی هەواڵی گفتوگۆیەکەی رۆژنامەی نۆیە دۆیچەلەند لە گەڵ(ئولە یاڵپە) نوێنەری فراکسیونی(پی.دی.ئێس)لەپەرلەمان لە١٠-٢/١١ خوێندبووەوەو پاش دوو هەفتە ئاگاداری کردین، ئێمەیش یەکسەر بۆ کوردی وەرمانگێڕا و لە٢/٢٧ لەگەڵ بانگەوازێك بۆ هەموو کەسایەتی، حزب، رێکخراوەو کۆمەڵە کوردێکان بەم شێوەیە بلأوکردەوە: سەرلەنوێ تکاو داواتان لێدەکەین، ئەم هەلە مێژووییەش لەدەست نەدەین. با ئێمەش لەم رۆژەدا، هەموو هێزەکانمان بۆ بەردەم بالۆێزخانەو قونسولیەکانی ئەلمانیا ببەین. لە ئەلمانیا، هەوومان لەبەردەم پەرلەمانی ئەلمانی لە بەرلین کۆببینەوە. کەچی هەندێ کەس و رۆژنامە لەسەر حیسابی راستی ودەست خاوێنی هەواڵ گەیاندن کەوتنە سەوداکاری وخۆهێنانە پێشەوە، بەبێ ئەوەی ناوی بلأوکەر و سەرچاوەی دەقەکە بهێنن! !گۆڤارێکی کوردی ئەوەند"زۆر" بایەخی بە بانگەوازی ئەکتسیون دژی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال دا، پاش بابەتی پێکەنین، چوار قوژبنکە و ریکلامی ئۆتۆمبیل فرۆشی، لەدوای دواوەوە بلأوکردەوە! !تەنانەت هەندێ کەس ولایەن کەوتنە دژایەتیکردنی راستەوخۆی کاروانی ئاشتی! !

خاوەنی ئەم بۆچوون و هەڵویستانە لەلایەکەوە دووپاتی بێ ئاستی خۆیان کردو لەولایەشەوە بە هوشیارییەوە هەولی لە قالبدانی حزبی کارەساتی هەڵەبجەیان دا، وەك

بڵێی فاشیستەکانی بەغدا پێش کیمیابارانەکەیان پرسیاری ناسنامەی حزبی دانیشتیوانی هەڵەبجەو شارۆچکەو لادێکانیان کردبێ!!

کێ لە ئێوە دەتوانێت پێمان بڵێت، کۆترە بە غاز خنکاوەکان، پارتی بوون یا شیوعی؟ حزبی سۆسیال دیموکرات، پاسۆك، زەحمەتکێشان، پ.ك.ك یا بزووتنەوە بوون؟ ئەی ژینگە ژەهراوکراوەکەی؟ یەکێتیە یا کۆمونیستی کرێکاری؟ بەداخەوە ناچارکراوم درێژە بەم پرسیارە ساکارانە بدەم: ئەی شالوور، سوێسکە، کەو، گا و مەڕە بە غاز خنکێراوەکان چ ناسنامەیەکی چینایەتیان هەبوو؟ پرۆلیتار بوون یا بۆرجوا؟ بۆرجوای بچوك یا فاشیست؟ مەسیحی، جوو یا موسڵمان بوون... پێست ڕەش یا سپی؟

پرسیارێکی ساکارانەی تریشم هەیە: ئەو منداڵ وکۆرپانەی وا خنکێنران و ئەوانەی وا ئێستاش تووشی نەخۆشی لیوکیمی دەبن، سەر بە کێن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ ئێوە بەجێدەهێڵم، بەڵام لە هەمان کاتدا دەمەوێت یەك شت بڵێم: بۆ من بە پلەی یەکەم، یەك شت بە گرنگ دەزانم، تەنها یەك شت: ئەوە چ دەسەڵات، ئیدۆلۆژی و بڕیاردەرێکە، بەبێ هیچ جیاوازیکردنێك، یەك ناوچەی بەرین، بەمرۆڤ و ژینگەو هەموو گیانلەبەرێك بە غازی کیمیاوی بۆردومان دەکات؟؟.... لەسەر ئەم پرسیارە ستراتیجییە، کاروانی ئاشتی تکای لە هەموو کەس و لایەنە سیاسی وکۆمەڵەو گروپەکانی کرد، لە ٣/١٦ موزایەدەی سیاسی نەکرێت وبەکردەوە هەمووومان بەیەك دەنگ وبەیەك داخوازی ڕووبەڕووی بەرپرسیارانی ئەم کارەساتە ببینەوەو بۆ خۆمان وهەموو جیهان بیسەلمێنین کەوا ئێمەش وەك گەلێك توانامان هەیە داوای مافی ڕەوای خۆمان بکەین، هۆشیارین بە ئەرکەکانمان، دەتوانین لە ڕۆژێکی وادا، پێ لەسەر جیاوازییەکانمان بنێین. تەنانەت ئاگاشمان لەوانەش بوو کە دەیانویست کۆڕ بگێڕن، سلایت پێشان بدەن یا لە شوێنێکی تر پرۆتێست بکەن، تکامان کرد لە ٣/١٧ بیکەن.

بەداخەوە هەموو ئەم پێشنیارو پەرۆشی، ڕاستگۆیی و نیاز پاکییە سوودی نەبوو، بەیەك دەنگ، لە هەموو شوێنێك لەبەردەم باڵۆیزخانەکانی ئەلمانیا پرۆتێست بکەین!!

ئـەی تەکبیر؟؟ بەرای ئێوە، بەهەمان شێوە یادی ئەنفالەکان بکرێتەوە؟ دەتوانین سوود لـە هەڵـە و بۆچوونە نادروستەکان وەربگرین؟ یا دەتوانین هەموومان بە یەك دەنگ، بەبێ هەوڵی قوتدان و پیلانگێڕان دژی یەکتر لەبەردەم سەفارەتەکانی عیراق پرۆتێست بکرێت؟

لێرەدا دەبێ ئاماژە بە چەند خالێکی پێویست بکەم:

١/ کـاروانی ئاشـتی تـەنها لیسـتی سـەربەخۆی نـاوی رۆشـبیران، هونەرمـەندان و رۆژنامەنووسـانی کوردسـتانە و دوورە لـە هـەر بەرژەوەندیـیەکی حـزبایەتی. چـەندین کەسـایەتی رۆشـنبیر وکـادری بـەرزی حزبەکانـیش(پـارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان، حـزبی شـیوعی کوردستان، پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان، زەحمەتکێشان و کەسایەتی کۆنگرەی نەتەوەیی) بە ئیمزاکانیان پشتگیریان کرد.

٢/ هـەموو کەسـێك دەتوانێت پێشنیارو داوا بکات چالاکی و ئەکتسیون رێکبخرێت لە دژی رژێمـی فاشیسـت لـە عـیراق، یـا هـەر هەوڵێك بۆ دابینکردنی کلتوری ئاشتی و تەبایی، بۆ بەرەوپێشبردنی ئەزموونی کوردستانی فیدرال.

٣/ هەوڵ دەدرێت بەرێگای دیالۆك و گفتوگۆ ئەرکەکان رێکبخرێت.

٤/ نـە حـزبە ونـە نـیازی بـە حزب بوونی هەیە و نە دەیەوێت لە دەسەلآت و ئۆرگانەکانی نزیك ببێتەوەو نەیش خۆی بە ئەلتەرناتیڤی لایەنێك دادەنێت.

٥/ درێژەپـێدانی هەوڵـەکانی یـا راگرتنـیان بـەندە بـە ویسـتی چـالاکەکانی نـاو کـاروانی ئاشـتی. دەکرێـت لـە هـەموو کاتـێك هەوڵـەکان رابگیرێـت و کۆتـایی پێبهێنرێـت، بـەبێ حیساباتی سوودو زیان!

رۆماننوسی هێژامان یەشار کەمال دەڵێت: رۆشنبیران بەرپرسیاران لەبەرامبەر بڕینی دارە سنەوبەرێکیش.

کـاروانی ئاشـتیش ئـەم بەرپرسـیاری و هەسـت و سـۆزەی هەیـە. ئـێوەش بـەئارەزووی خۆتـان، دەتوانـن رێگەکـەی لێبگرن، دەشـتوانن زیاتـر بـۆ پێشـەوەی ببەن و بیکەن بە دەنگی جوانـی و ئـاوازی خـەم رەوینـەوە بـۆ دوا رۆژێکـی گـەش و پرشـنگدار بـۆ گـەلی

کوردستان......لە کۆتاییشدا بۆم هەیە ئومێدەوار بم بە سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی، بنبڕکردنی تیرۆر و بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانمان ..........

کارەساتی کیمیابارانەکانی شار و شارۆچکەو لادێکانی کوردستان و ئۆپیراتسیونەکانی ئەنفال لە بیری ناسیونالیزم گەورەترە، لە مانیفێستی حزبی کۆمونیست گەورەترە، لە لا إلە إلا الله گەورەترە، لە حزبە کوردییەکان گەورەترە! هەڵەبجە بوو بە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی بەرامبەر دڕندەو دڕندایەتی. بۆیە دەڵێم: ئەگەر ناکرێت لە ژێر جامانەکەی عومەر خاوەر کۆببینەوە، با هیچ نەبێت هەر کەس و حزب و کۆمەڵەیەك لە یادی هەڵەبجە و ئەنفالەکان چمکێکی بگرێت!!!

٢٠٠١/٣/٢٧

---

## ڕوونکردنەوەیەك بۆ ڕای گشتی کوردستان

لە(١٠)یەمین سالیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، زۆربەی ڕۆژنامەکانی کوردستان بەمانشێت لەسەر یەکەم لاپەرەکانیاندا ئەم هەواڵەیانە بلاوکردەوە:"حکومەتی ئەلمانیا لەسەر زاری ڕاوێژکار و سەرۆکی پەرلەمان و حکومەتەوە داوای لێبوردنیان لە گەلی کوردستان کردووە...". ئەمڕۆ ٢/٤/٢٠٠٠ ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستانم بەدەست گەیشت، دەبینم لەلاپەرەی یەکەمدا، وەك وەبیرهێنانەوەیەکی هێماکراوە بۆ هەمان هەواڵ. منیش لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم بۆ ڕای گشتی کوردستان ئەم ڕوونکردنەوەیە بنووسم:

١/لگه هگیچ کاتگێك و بەهیچ شێوەیەك حکومەتی ئەلمانیا بۆ بەشداربوونیان لە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە هەلەبجە، داوای لێبوردنیان لە گەلی کوردستان نەکردووە!.
پێش دوو ساڵ ڕێکخراوی میدیکۆ ئینتەرناسیونال لە ڕۆژنامەی( دی تاگس تسایتونگ) کە لەبگەرلین دەردەچگێت، ئگەو داوای لێگبوردنە بگەناوی سگەرۆك حکومگەت و پەرلگەمان بلاوکگردەوە، بگەبێ ئگەوەی حکومگەت شگێکی وای وتبێگت؛ بگەبێ ئگەوەی لگە خەیاڵیشدا هگەنگاوێکی وایان دانابێت؛ مردووەکان شتی وایان ووتووە؛ نەك بەرپرسیارانی حکومەتی ئەلمانی.
مگیدیکۆ ئینتەرناسگیونال بگەو نووسگراوەیە ویسگتیان(وەك هگیوایەکی خۆیگان یگا وەك چگاوەروانییەك) چاوەروانی ئەوەن، حکومەتی ئەلمانیا داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکات. ئەو نووسراوەیەی میدیکۆ دەکرێت وەك زاتیرێك ببینرێت!
لگە کۆنفرانسگی جیهانی ڕێکخراوی(پێن) لە بەرلین بەرێز هانز برانتشاید بەرپرسی میدیکۆ ئینتەرناسگیونالم بیگنی و پگێموت، پێویستە لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوەیەك بدات. لەوەلامدا وتگی"دەزانم، بەداخگەوە بگرا کوردەگگان وا بەهەڵگە لگەو مەسگەلەیە تێکەیشگن. گگە ئگۆرەی قسگەکردنم هگات، ئەمگەیش ڕووندەگگەوە." بگەلام بەداخگەوە هێماکەی دەنگی نەدایەوە لە ڕۆژنامە کوردییەکان.
٢/شگالیاری حکومگەتی ئەلمانگیا کریستۆف تسۆپل لە وەلامیدا بۆ نامەی پەرلەمێنتاری حزبی دیمو کگگراتە سۆسیالیسگگتەکان(PDS) ئولگگە یالگگپکە دەربگگارەی پگگبژاردنی قگگەرەبووی قوربانیگیەکانی هەڵەبجگە وتگی" ئەوەی کە ڕوویدا لە ژێر لێپرسراوێتی ئەلمانیادا نیە. کەواتە ناشگێ بگوترێ ئەلمانیا پێویستە قەرەبووی زیانەکات بکات. تەنها کەسانێك کە لێپرسراون لەو کارەساتە سەرکردە عیراقییەکان بوون،ئێمەش تاوانبارمان کردن."
وەك دەبیگنن، ئەمانگە هگەر بەهگیچ شگێوەیەك خۆیگان بەبەرپرسیار لە بەشداربوون لە تاوانی هەڵەبجگە نگازانن. خۆیان بە هاریکەر و یارمەتیدەری فاشستەکانی عیراق نازانن. ئێمە دەبێ وەحشگیگەرێتی ئەمانگە هگەر بگوێگرەی "یاساکانی خۆیان" ولام بدەینەوە. ئەمانە ڕێگا بە خۆیگان دەدەن کتێگبخانەیەك لەبگەر فرۆشگتنی کتێبگێك کگە پگێش چگەند سگالێك هەزاران نوسگخەی لێفرۆشگراوە و بگەرەسمی بلاوبووەتگەوە، ئێسگتا بەپاڵپشگتی تیرۆریگزم تاوانگبار

دەگگەن!!!. چگەند لاویێگک لگەخوار تەمەنی ١٨ ساڵ بە رەسمی بە تیرۆریست لەقەڵەم دران، لەبگەر ئگەوەی بگنکەیەکی فاشیستەکان لە دێی ماکن رۆدە، دایە بەر بەرد!!!بەڵام ناردن یا یارمەتگیدانی دەیگان شگەرکەتی چەکدرووسگتکردن بگە چگەکی کۆمگەڵ گگوژ وەك چەکی کیمگیاوی، بگیولۆگی بگۆ عگیراق بگە کگاری تیرۆریسگتی و تگاوان دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەم نادریگت. ئگێمە دەبگێ هگەزارجار دووبگارەی بکەینەوە: تاوانبار ئەو کەسەیشە کە یارمەتی تاوانگبار دەگگات. واتگە نگەك فاشیسگتێك وەك سگەدام بەرپرسیارە لەو تاوانە، بەلکە هەموو ئەوانگەی لگە درووستکردن و دامەزراندنی چەکە ستراتیجییەکان بەشداریان کردووە و بەم هۆیگەوە عگیراق و ناوچەکە کرا بەگۆڕەپانی تیرۆر و جەنگ و بەگۆمەڵ کوشتنی بێتاوانان و کۆچکردنی ملیونان مرۆڤ بەرپرسیارن لەم کارەساتانە.

بەکورتگێکەی: بەچگکەکانی هیتلەر بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بڕیار دەدەن، کێ وبۆ و کەی بە تیرۆریست ناو ببەن!

ئێمە دەبێ قۆڵی بۆ هەڵماڵین و بەجدی هەوڵی بەدەستکەوتنی مافەکانمان بین.

٢٠٠٠/٤/٣

--------------------------------------------------------------------

# برایان، خوشکان، هاوڕێیان!

با لە بەردەم میدیای جیهانی، بە ئامادەبوونی یاساناس و دادپەروەرانی جیهانی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ، لە دادگایی کردنێکی کراوە، لەبەردەم دادگای کوردستانی فیدراڵ، بە ئامادەبوونی منداڵ و خزموکاری ئەنفالکراوەکان، ، دادگایی تاوانبارانی ئەنفال بکەین!!

ئەمە یەکەم جار نیە، ئەم داواکارییە بەرزبکرێتەوە. لە ١٩٩٥ لە بڵاوکراوەی (چارەنووس_ ئۆرگانی ڕێکخراوی ئاوارە و ئەنفالەکان)ئەم داواکارییە کراوە و لە هەولێر خۆپیشاندانی بۆ ڕێکخراوە. لە ٢٠٠١ لەیادی تێپەڕبوونی ١٣ساڵ بەسەر ئۆپێراتسیونی ئەنفال، (کاروانی ئاشتی)ش هەمان داواکاری کرد، لەو بڕوایەشدام لەسەر ئەم ئاستە، هەوڵی تریش دراوە. بەلأم ئەم داواکارییە تا نووسینی ئەم ووتارە بەبێ سەرئەنجام ماوەتەوە!!.

ئێستا بەباشی دەزانم سەرلەنوێ لیستی ناوی ئەو تاوانبارانە بلأوبکەمەوە:

١. فەتاح بەگی جاف
٢. شامل دەروێش
٣. شێخ معتصم عەبدولکەریم بەرزەنجی
٤. سەید ڕزا سەید تەها
٥. کیسرا حەمە سەعید بەگ
٦. سەعید غەریب
٧. سەعید مەحمود باریکە
٨. حەمەی شێخ عەبدولکەریم بەرزەنجی
٩. قاسم ڕەشید دڕەیی
١٠. ئیسماعیل عەزیز ئاغا زنگەنە
١١. زۆراب/جاشی حەمەی شێخ قۆندەرە بەرزەنجی

١٢. ڕەفعەت عەلی

١٣. بایز عەزیز رەشید ئاغا
١٤. تایەر عوسمان رۆستەم
١٥. عەبدوڵلا کاکە ئەمین(عەبە کەرکوکی)
١٦. تەوفیق جەبار قارەمان
١٧. شێخ حوسێن شێخ سەعید
١٨. شێخ هادی سۆڵە
١٩. جەبار شێخ هادی
٢٠. شەهاب ئەحمەد وایەرمەن
٢١. سەید عەدنان جەباری
٢٢. زایەر ئاغا کۆیە
٢٣. شێخ کەریم شێخ شەهاب
٢٤. عومەر حاجیساڵح
٢٥. حاجی رەفعەت مەحمود
٢٦. مەحمود حەمەجان رۆغزایی
٢٧. نامق عەبدولکەریم
٢٨. عەبدولرەحمان عەبدولکەریم
٢٩. ئەحمەد رۆستەم
٣٠. عەدنان دیسکۆ
٣١. قاسم ئاغای کۆیە
٣٢. تاریق کاکەیی
٣٣. شێخ بورهان
٣٤. شێخ مەحمود کارێزەیی(خولەی سەید گوڵ)
٣٥. شێخ سوعاد تالەبانی
٣٦. مام یەحیا
٣٧. بورهان شوانی

٣٨. شێخ ڕووناك

٣٩. شێخ سەلام نەقشبەندی

٤٠. ئەرشەد زێباری

٤١. سەعید غێدان(حەمە سەعید)

٤٢. مەجید غێدان

٤٣. ئەحمەد بیجۆ

٤٤. شەماڵ ڕەفعەت گوڵی

٤٥. حەمە کەریم حەمە فەرەج

٤٦. حەمە ئەمین حەمە شاسوار

٤٧. عەلی حوسێن

٤٨. مەجید سلێمان وەزە

٤٩. موستەفا سلێمان وەزە

٥٠. عومەر حاجی

٥١. عومەر حەمە عەلی چەرمەگا

٥٢. عاسی حەمە دێزە

٥٣. بەکر عەلی حاجی موشیر

٥٤. جەبارە درێژ

٥٥. مەحەمەد قادر ئاغای سورچی

٥٦. مامەند قەشقەیی

٥٧. عەزیز حەسەن فەتاح

٥٨. عەلی سەلما چوار

٥٩. حاجی عەلی نەبیاوە

٦٠. عەقید حەمید عوسمان

٦١. کەمال شەمسە

٦٢. تاریق عەزیز ڕەزا ئاغا

٦٣. بەکر کەریم
٦٤. عەلی لووت ماسی
٦٥. حەمەی حاجی حوسێن
٦٦. سەید قودرەت
٦٧. شەریف حەمەی شەریف(شەفەی خاتوون)
٦٨. مەلا حەسەن رۆغزایی
٦٩. کامیل شێخ هادی
٧٠. مولازم کەریم
٧١. فوئاد کەریم بایز هەمەوەندی
٧٢. حەسیب محەمەد جەباری
٧٣. محەمەد کاوانی
٧٤. جیهاد موسا قەرەهەنجیری
٧٥. حەمەی پۆخچی
٧٦. ئیبراهیم بالواغا
٧٧. عومەر سۆفی
٧٨. ئەحمەد جەبار جەباری
٧٩. شێخ جەلال سالەیی
٨٠. خێرەڵلاّ دوزی
٨١. جەمال فەقێ حوسێن
٨٢. شێخ ئەحمەد بەرزەنجی
٨٣. کامەران ئەحمەد جەمال(کامەران سوور)
٨٤. عومەر حوسێن سورداش(عومەر عارەب)
٨٥. محێدین حەمە رەحیم
٨٦. قالەی عزە نالەبەند
٨٧. سەلاّح شینە

٨٨. میرزا حەسەن

٨٩. مەحەمەد حوسێن نووری

٩٠.  هومەر ئاغا

٩١.  حوسێن حەمە سوور ئاغا

٩٢.  مەلا عوزێر

تێبینی. ئێمە بۆ خۆمان سەرنجمان لەسەر ئەو زانیارییە تایبەتە بە مام یەحیا هەیە، کەوانییە و لە ئەنفالەکان خەڵکێکی زۆری رزگارکردووە.( ئەم ناوانە  لە گەڵ ئەم تێبینیە، لە بڵاوکراوەی چارەنووس، لاپەڕەی ٢ و ٤ بڵاوکراوەتەوە)

ئاشکرایە کەوا هیچ مەبەستێکی تایبەت بۆ زڕاندنی ناوەکانی ئەم لیستەیە یا بۆ پێکاندنی مەبەستێکی حزبی لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ناوانەوە نیە. پێشوەخت داوای لێبوردن دەکەم لەهەر کەسێك بە ناهەق ناوی لەم لیستەیە هاتووە.

**با هەموومان دەنگ بدەین بەم داخوازییە!**

٢٠٠١/٧/١

## (دوگومێنتی ژماره1)

## له ٣/١٦ لەسەر ئاستی گونده بچکۆلەکەمان، پێکەوه لەبەردەم باڵوێزخانەکانی ئەلمانیا، دژی کیمیابارانی هەڵەبجه، پرۆتێست دەکەین!

ئیمساڵیش، وەك ساڵانی رابردوو، قوربانێکانی کیمیابارانی هەڵەبجەو شارو گوندەکانی کوردستان بانگەوازی یەك بە یەکمان دەکەن بۆ پرۆتێستکردن دژی درووستکردن، بازرگانیکردن وبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی وهەر جۆرێکی تری چەکی کۆمەڵکوژ.
ئێمه له کاتێکدا ئەم بانگەوازه دەنووسین، حکومەت و پەرلەمانی ئەلمانیا شەورۆژ خەریکی لێکۆڵینەوه و وتووێژن لەسەر ئەوەی"داخۆ راسته(یوشکا فیشەر) شالیاری ئێستای دەرەوەی ولاتەکەیان، لەخۆپیشانێکدا پێش بیست وپێنج ساڵ، بەردێکی گرتووه له پۆلیسێك یا نا... داخۆ راسته (یورگن ترتین) شالیاری ژینکه لەنووسینێکدا خۆشحاڵی دەربڕیوه له بارەی کوشتنی بوبیك (مدعی عامی ئەلمانیا بوو. لەشکری سووری ئەلمانیا کوشتیان) یا نا" کەچی مردوو ئاسا بێدەنگن لەبەرامبەر بەشداری وهاریکاری دەسەلاتی فاشستی عیراق له بواری بەرهەمهێنان وپەرەسەندنی چەکی کیمیاوی وبەکارهێنانی دژی گەلی کوردستان، لەبەرامبەر قەرەبووکردنی زیانەکانمان، تەنانەت خۆشیان به بەرپرسیاریش نازانن!! ئەمە دەقاودەق مەبەستی شاعرێکی عەرەب دەپێکێ که دەڵێ:
قتل إمرئ ڤ غابه جریمه لایغتفر وقتل شعب ئامن مساله فیها نظر ...(بەمەرجێك ئەو دوو شالیاره، تاوانی کوشتنیشیان نەکردووه)
ئەم راستیه دەمامك لەسەر رووی درێژەپێدەرانی تاوانی بێوێنەی مێژوو لادەبات: هۆلۆکۆست، هەڵەبجه!

هەڵبجـە، سیسـتێمێك، ئیدۆلۆژیـیەك، ڕەوشـتێكی دیاریكـراو بەرهەمیهێـناو درێـژە بەبەرهەمپـنانی ئـەم جـۆرە تاوانانە دەدات. نوێترین نموونە: ناتۆ یورانیومی بەکارهێنا لە بۆمبارانکردنی شارو دێهاتەکانی یوگسلافیا وسەربازەکانی خۆشیان بەریکەوتن!

بۆیـە قوربانـیێکانمان ئێسـتاو سـبەینێش بانگـەوازمان دەکـەن بـۆ بەرزکـردنی هـاوارە خنکاوەکانیان دژی جەنگ!!

لە ساڵی ڕابردوو، لەڕۆژی ٣/١٦ لەبەردەم باڵوێزخانە وکونسولییەکانی ئەلمانیا لە سوید، بریتانـیا و سویسـرا و لـە شاری موینشن لەپێناوی مەحکومکردنی ئەلمانیاو بۆ قەرەبووی زیانـەکانمان پرۆتێسـتمان کـرد. ئیمسـالیش دەمانەوێت بە هاوکاری هەموو لایەك، زیاترو بەرفراوانتر لە ساڵی ڕابردوو، پێکەوە، هەمان ئەکتسیون ئەنجام بدەین.

ئــیمە بــەناوی كــاروانی ئاشــتییەوە، وەك دەنگــی ڕۆشــنبیران، هونەرمــەندان و ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتان، داوا لـە هـەموو دەکـەین، بەشـداری لـەم ئەکتسیونە بکەن وهـاواری قوربانـیانی چـەکی کیمیاوی لە کوردستان، لەسەرووی بەرژەوەندێکانی تر بەرز ڕابگرن!

ئـێمە مـافی ڕەوای خۆمانـە، وەك ئـەو زیندانـیانە کـە بەزۆرەملـی دەبـران بۆ کارکردن لە کۆنزێـرنی(VW) و(IG Farben)و قوربانـیانی هۆلۆکۆسـت، داوای قـەرەبووی زیانـە ڕۆحی و ماددێکانمان بکەین!

بمرێت جەنگ!

بەرقەرار بێت ئاشتی وبرایەتی کەلانی جیهان!

کاروانی ئاشتی

لە ٢٠٠١/١/٢٥

## فاشیستەکان، ئێمە هەڵبجە لەیاد ناکەین!

بـۆ پەیوەندیکـردن و ڕێکخستنی پرۆتێستەکان، پەیوەندی بکەن بە: لە سوید: سەرکەوت جەلال ، ت: 004646335630 ، فاکس: 0046 46136813. تەها ڕەسول، ت/ف: 00468361203 . شـێروان عەزیـز پشـتیوان، ت: 0046 073612808 ، ئەمجەد

شـــــاکەلی، ت: 004601739851797. عەبدولکـــــەریم ســــەرکەش، ت/ف: 0046018328669.

لە بریتانیا: **هەرێم جاف**، ت: 0044 7977799674

فەرەیدون نەغەدە:

لـــە **فیـــنلەند**: عـــەباس شـــوان، ت:00358407599164 مەجـــید حـــەقی: hakkima@sammio.lut.fi. لــــە **هۆلـــەندا**: پــــەروین فـــەتاح، ت:. 0031547292103. مـــەهاباد رەســـول ئیـــبراهیم: 0031 152688108عــەلی مـەحمود، ت: 0031152129446. حەمـە شـوان، ت: 0031 0628333117، زیرۆ: 0031 628771576 . رێکـەوت ئیسـماعیل ، ت/ف 0031433619985. هیوا قادر هەڵەبجەیی: 0031620401903

سـەنتەری رۆشـنبیرانی پێشـکەوتوخوازی کـورد/نیدەرلەند، کۆمەڵەی کوردی ماستریخت، کۆمەڵـەی مـافی مـرۆڤی کـورد، کۆمەڵـەی کـوردی ئارنـیهم، ئەنجومـەنی ژنـانی مـیدیا، رێکخراوی فریست لاند کوردستان.

**کەنـەدا**: شـەماڵ نەبـەز: 0012047832431، لـە **سویسرا**: حـاجی ئەنوەر، ت/ف: 0041319922977. ناسر سۆرانی، ت/ف: 0041 0613816706

لــە **ئەلمانـیا**: کـاروان کـەریم، ت: 004901702944645، بەکـر حـاجی، ت/ف: 004902013162499. کـاردۆ کـامۆ، ت: 0049 03076679458 ، ســەلام عـــەبدوڵلا ،ت/ف: 00491732790738 /0049(0551)5034082/ جەلـــیل شـاباز، ت:004903040208644. حەسـەن سـەید بـاقی، 0049055158974. سالمی جاسم، ت: 01736094269

**نـەرویج**: هـەڵۆ گەرمـیانی،ت/ف 004733339101، کۆمەڵـەی کلتوری کوردی وعارف باوەجانی، ت: 004792817873

**بەلژیک**: سەربەست ئەمین، ت/ف:0032 16 447545

**فەرەنسا**: رزگـار عەلی،ت: 0033 1 43660774، razgarali@aol.com

**ئوستراليا**: حوسێن خۆشناو، ت: 0061 883408430

**ئیتاليا**: kurdish Association، د. داوود عەسام: 0039 3355617105

**تێبینییەکی گرنگ** : بۆ زانیارییەکی زیاتر دەربارەی ناوی شەرکەتەکان و سیاسەتی ئەلمانیا لەم بوارە، تەماشای لاپەڕەی دەنگی کورد بکەن، لە لینکی ووتار: www.dengekurd.com . تەماشای: www.kurdistan-today.com
http://members1.chello.nl/o.aziz/ و www.harem-kurd.com
بکەن.

ئەم ئەکتسیونە بەشێکە لە مارشی ستەمدیدەکانی دنیا لەدژی ملیتاریزم، جەنگ و چەکسازی! بەشداری تێدا بکە!

داوا بکەین، دەرگای کۆمپانییەکانی چەکسازیان دابخەن! لەشکرەکانیان بکشێننەوە!

جلوبەرگی سەربازییان بخەنە ناو مۆزەخانەکانن،

لەسەریدا بنووسن: ئەو کاتەی وا هێشتا لە دڕندایەتیدا دەژیان، ئەم بەرگەمان لەبەر دەکرد!

وەرن با پێکەوە بە گیانی خۆشەویستی مرۆچ بۆ مرۆچ، دوور لە نەتەوەو ئاین، هەڵپەڕکێ بکەین و گۆرانی بڵێین!

پێنووس و تابلۆ و دەنگەکانمان لە پێناوی نان و ئاشتییە!

نامانەوێت چیتر منداڵەکانمان گوێیان لە دەنگی بۆمبا بێت یا بۆنی ژەهری کیمیاوی بکەن!

(دوكومێنتی ژماره دوو)

# ١٤/ ٤ ڕۆژی كارەساتی ئەنفالەكان
# ڕۆژی ماتەمینی خەڵكی كوردستانە

راستە ئـەنفال پلانـێكی نەخشـە بـۆ كێشراوی پێشوەختی عەسكەرتارانە بـوو، بـۆ لەناوبـردن و تەفروتۆناكـردنی بە كۆمەڵی مرۆڤی كورد، بەڵام ریشەی ئەم جۆرە پلانانە رەگی لە بیروباوەری پان ناسیونال وفاشیست و دیكتاتۆرەكاندایە. ئەنفال لە ٢/٢٢ تـا ٦/٩/ ١٩٨٨لەلایـەن ماشـینی جەنگی رژێمی فاشی ودكتاتۆرەكەیەوە بەچەند قۆناغێك بەرێوەبـرا: ئابلۆقــەدانی ســەربازیانەی تــەواوی گوندەكــان، دەستبەســەركردتن و بــە كۆیلەگرتـنی خەڵكەكـە، هـەر بەكۆمـەڵ، بە ئۆتۆمبیلی سەربازی سەرداپۆشراو بۆ شوێنی نادیـار راگوێـزران ، تاڵانكـردنی سـەروەت وسـامانەكەیان تـا دەگـات بـە سـەعاتی دەست وئەنگوستیلەی پەنجەیان. یەك بە یەكی دێهاتەكان بە فێرگەی منداڵان، مزگەوت، كڵێسا و تەكیەوە بە دینامیت تەقاندەوەو بە شۆفەڵ تەخت وخاپوور كران.

ئۆپێراتســیونی ئــەنفال بــە بۆچــوونی رێكخــراوەكانی مــافی مــرۆڤ وبــە پــێی یاســا نیودەوڵەتیـیەكان و بەبۆچـوونی خۆشمـان، هــەمان تــاوانی هۆلۆكۆســتە(قڵاچـووكردنی جووەكــان بەدەســتی نازیــیەت لــە ئەلمانــیا) وهاوشــێوی قــەتلوعامی ئەرمەنەكانــە لەقەسـابخانەكانی توركیا، بـەلام نـە حـزبە كوردییەكان ونـە پەنابـەران بـە گشـتی ونـە رۆشـنبیران تـا نووسـینی ئـەم بانگەوازە، بە شێوەیەكی جدی نەیانتوانیوە ئەنفال لەسەر ئاستی جیهان وەك هەوڵی فاشیستەكان بۆ جینۆسایدی گەلەكەمان پێشان بدەن.

لـەم ساڵەوە، دەمانەوێت شانبەشانی هەموو توانا وهەوڵەکانی تر، بەهەموو وزەیەکمانەوە هـەوڵی جدی بدەیـن بۆ ناساندنی ئەنفال بەرێگای رێکخستنی پرۆتێستی جوراوجۆر، بۆ ئــەوەی جـارێکی تــر ئۆپیراتســیونێك لــە جـۆری ئــەنفال روومــان تێـنەکات ودەروازە جەهەنەمییەکانی بۆ مرۆڤی بێچارەی کورد نەخاتە سەر پشت ورێز لە گیانی قوربانییەکان بگرین.

ئێمە، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە، ئەگەری سەرلەنوێ قەومانی ئەنفالیکی تر هیچ بەدوور نـازانین: دکـتاتۆری ئـەنفال ورژێمەکـەی وەك خـۆی ماونەتـەوە وسەرەرۆیی وملهوڕیان لە هەمبەر تەواوی دنیا درێژەی هەیە، دنیای"ئازاد ودیموکراتخوازی"قازانج پەرەستی ئۆروپا وئەمـریکاش بـێدەنگی تـەواویان لـەم تاوانـە بەربەریانـە کـردووە. لـە کوردســتانیش سـەرۆکایەتی هـەردوو حکومــەت جورئــەت ناکــات ئــەم فایلـە بقەیـە لەگـەڵ نـاوەندە دەستەڵاتبەدەستەکانی دنیا بکاتەوە.

## لەسەر ئاستی جیهان:

لـەم رۆژەدا بانگـەوازی هـەموو خەڵکی کوردستان و دۆستانمان دەکەین بۆ رێپێوان بەرەو باڵوێـزخانەکانی ئـێراق لـەو وڵاتانەی ئێدا دەژین. لە هۆڵەندا، لەبەر ئەوەی بیرۆی دادگای نـێودەوڵەتی لێـیە، دەکـرێ بەشـێکمان بـۆ ئـەوێ بەرێبکەون. لە سویسرا بۆ بەر دەرگای UN، لـە شتراسـبۆرگ بـۆ بەردەم پەرلەمانی ئۆروپی یان هەر چالاکی و ئەکتسیونێك کە ئێوە بە باشی دەزانن بۆ ناساندنی ئەم کارەساتە.

## لە سەر ئاستی کوردستان:

١/ داواکـارین رۆژی ١٤/٤/١٩٨٨ بـەرۆژی ئـەنفال جینۆسایدی گەلی کوردستان بەدەست حکومـەتی ئـێراقەوە بـەرەسمی بکرێ و هـەروەها ئـەم مەسـەلەیە بخرێـتە سـەر مـێزی گفتوگۆ لە هەردوو پەرلەمانەکەدا.

٢/ داواکـارین پاکسـازی دەسـت پـێ بکـا لـە تەواوی دەزگا رەسمییەکانی کوردستان لە تاوانباران وبەشدارابوانی پراکسیسەکردنی ئەنفال.

٣/ داواکـارین هـەوڵی جـیدی بـدرێ لەپێـناوی باشـکردنی بـارودۆخی ژیـانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان وبە تایبەتی منداڵەکانیان.

٤/ داوا له تەواوی نووسەران و هونەرمەندانی هەست ناسك وبەهەڵویست دەكەین، هەوڵێك بدەن بۆ درووستكردنی سمبۆلێكی نەمری، هەم بە دەنگ و مۆسیقا، هەم بە رەنگ و پەیكەر بۆ قوربانیانی ئەم تراژیدیایە.

بۆ یەكخستنی هەولێ وتواناكان، بۆ ئەوەی تا بكرێت پرۆتێست ودەنگی نارەزایەتی بەهێز ویەككگرتووتر بكەین، بۆ ئەوەی سوود لەڕاو پێشنیارو قسەی یەكتر وەرگرین، پەیوەندی بكەن بەم ژمارە فاكس وتەلەفۆنانەی خوارەوە. ئەگەر دەتانەوێت با پێكەوە ئەم ئەركە بەرێوەوە ببەین، هەروەها دەكرێ ژمارەی فاكس وتەلەفۆنەكانی خۆتانمان بۆ بنێرن.

بەسەرنج وتێبینییە ووردەكانتان هاوكارمان بن ورێگامان پێشان بدەن بۆ كارێك كە ئێوە بەچاكتری دەزانن.

## كاروانی ئاشتی

٢٠٠١/٢/٢٤

| بۆ پەیوەندی كردن: | ژمارەی فاكس و تەلەفۆن |
|---|---|
| ١/ سەركەش عەبدولكەریم، سوید: | 0046 18328669 |
| ٢/ عەلی مەحمود، نیدەرلەند(هۆڵەند): | 0031 152129446 |
| ٣/ بەكر شوان شوانی،(ئەلمانیا) | 0049 1732865190 |
| ٤/ ئازاد ئەكرەم سلێمان(ئەلمانیا) | 0049 6138980593 |
| ٥/ رزگار شوانی(سوید) | 0046 13179511 |
| ٦/ هیوا ناسح ئاغجەلەری | 0046 17863461184 |
| ٧/ عەلی زەنگەنە | 0031 547292103 |
| ٨/ رزگار باهر | 0031 2263217337 |
| ٩/ نیهاد دزەیی | ............. |
| ١٠/ ڤیان عەبدالرزاق(سوید) | 0046 8 6579279 |
| ١١/ قادر نادر(سوید) | 0046 707454391 |

١٢/ پەیوەستگای دیموکراتییە کوردەکان لە سوید– لوند

١٣/ سەرکەوت جەلال دەباغ(سوید) فاکس 0046 46136813

١٤/ ئەختەر شاکر(ئەلمانیا) ...........

١٥/ حاجی ئەنوەر(سویسرا) 0041319922977

١٦/ کاروان کەریم(ئەلمانیا) 0049 551 97031

١٧/هەرێم جاف 0044 2088960236

١٨/ سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم 0049 (0551)5314082

١٩/ کاردۆ کامۆ 0049 030 76679458

٢٠/ هادی حاجی تالیب (نیدەرلەند) 0031 703660747

تێبینی: ناوەکانی ئایندەش هەر لێرە بڵاودەبنەوە.

* بەداخەوە بەهۆی تێچوونی کۆمپیوتەرەکەی لیستی ناوی ئەو بەرێزانەی وا پاشان ئیمزای ئەم بەیاننامەیان کرد و چالاکانە بەشداریان لە رێکخستنی ئەکتسیونەکە لەبەردەستم نەماوە.